کۆمەڵە چیرۆک

# سەفەری تەمەن و ئاوێنەی ناخ

مـاریە ئـەحـمـەد

چاپی یەکەم

هەولێر - 2001



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی
کوردستان ت. «٢٢٢٩٩٩٢»

e.mail:mukriani@yahoo.com

- کتێبی ژمارە: «٦٤»
- کتێب: سەفەری و تەمەن و ئاێنەی ناخ ـ کۆمەڵە چیرۆک
- هونەرکاری ناوەوە : قاسم قادر
- بەرگ: محەمەد قادر
- چاپی یەکەم: هەولێر – ٢٠٠١
- ژمارەی سپاردن « ٢٦١»ی ساڵی ٢٠٠١دراوەتێ.
- چاپخانەی خەبات/ دهۆک

**پێشکەشە بە:**

چیرۆکی
سەفەری تەمەن و ئاوێنەی ناخ

# پێڕست


– پێشەکی (زاهیر ڕۆژبەیانی) ........................ 7
– دیل و لەزەت و عەزرەت ........................ 11
– ڕۆشنایی چاوەکان ........................ 25
– سەفەری تەمەن و ئاوێنەی ناخ........................ 29
– گەڕان و سێبەر ........................ 39
– ترس و داو ........................ 45
– سووتانی شاراوە ........................ 51
– توانەوە ........................ 57
– گومان ........................ 61
– نووسراوی ناو دەفتەرە شڕەکە ........................ 65
– گڵکۆی مردووی زیندوو ........................ 75
– ترس و ساڵی تەزرە کوتای گەورە ........................ 79
– ئۆمەرو گورگە بۆر ........................ 85
– کورتیلە چیرۆکی ژیانی غەریبی ........................ 95
– کورتیلە چیرۆکی لێرە هەستم بریندار ناکەن ........................ 97

# پێشەکی

## زاهیر رۆژبەیانی

نووسەری پیاو دەربارەی ئافرەت و بۆ ئافرەت زۆریان نووسیوە، ئەگەرچی زۆربەشیانی لە رووکەش و رووخساردا گیریان خواردووەو نەگەیشتوونەتە شوێنە قووڵ و پڕ لە نهێنییەکانی ناخی ئەو – راستییە جوانە –ی کە چاو دەیبینێ و گوێ دەیبیستێت و تام و بۆن دەکرێ، بەڵام هەرگیز بەدەست نەگیراوەو ناشگیرێت، بەمەش یەکێک لە مەرجە بنەڕەتییەکانی هەموو ئەو راستییە مادییانە لەدەست دەدا کە دەبێ بەهەر پێنج هەستەکە خۆیان بسەلمێنن، لێرەشەوە دەتوانین بێژین مێژووی دوورودرێژی پێوەندیی نێرومێیش بریتییە لە گەڕانی بێ هوودەی پیاو بەدوای ئەو راستییە ناکامڵەیدا کە ئامادە نییە خۆی بخاتە بەر هەر هەموو هەستەکان.

وەستان و رامان لە حوزووری دەقێکدا کە ئەم جارەیان ئافرەت لەبارەی خۆیەوە، یا بۆخۆی نووسیوە، یا لەبارەی پیاوەوە، بۆ پیاوی نووسیوەو دەنووسێت، تەلیسمەکە گرانتر و ئاڵۆزکاوتر دەکا.

بەتایبەتیش ئەگەر خودی ئافرەتە نووسەرەکە لە غیابی ئازادییدا ناچار بێت خۆی لە خودی پیاوێکدا بخاتەوە بەرچاو و ئەو بیرۆکەو تێزو دیدانە بڵێتەوە کە پیاوە نووسەرەکان لەبارەی ئەوان و بۆ ئەوان و بۆ خۆیان و لەبارەی خۆیشیانەوە بە بەردەوامی دەیانجاکێننەوە.

من بەم بۆچوونە جوانکارییەوە پێشوەختە چوومە دونیای خاتوو



(ماریا)وەو، لەم دیدەوە دەمڕوانییە مەخلوقاتەکانی ئەوەوە، کە دەیانەوێ لەم کۆچیرۆکەدا ببنە (پاڵەوان).

مەخلوقاتێک، کە بەترسەوە، بەشەرمەوە دێنەبەر بازنەی رۆشنایی سەر شانۆ و بە ئەسپایی و بە هێمنی وەک تارمایی دێن و خۆیان دەخەنەبەر زەینی پیاوە تەماشاچییەکان، ئەو پیاوانەی کە هەر لە دەوری روخساریان دەخولێنەوەو ناتوانن بگەنە ئەودیوی رواڵەتە چاوخەڵەتێنەکان.

مەخلوقاتە سەرەکییەکانی ماریا خان نزیکمانن لە ماڵەوە، لە دائیرە، لە شەقام و، لەناو گوندو، لە کێڵگەکاندا لەگەڵماندا دەژین، بەڵام نایانناسین. مەخلوقاتێک خۆیان وەک (پاڵەوان) نیشان دەدەن، بەڵام لە راستیدا (قوربانین).

قوربانیگەلێک کە ماریا خۆی هەموویان لە نزیکەوە دەناسێت، بە نهێنییەکانیان دەزانێ، لە ئازارەکانیان دەگا، بەڵام بۆ ئەوەی بە رووتی بەرچاو نەکەون قسەی تەکتیکییان بەدەمەوە دەکاو، لێ ناگەڕێ ئەوان بۆخۆیان ئاشکەراگۆییمان لەگەڵدا بکەن.

ماریا قسەکانیان گوڵبژێر دەکا، رتووشیان دەکا، کردەوەکانیان کۆنترۆڵ دەکا، ستریان دەکا، نەبادا پتر لەوەی (منی باڵا) رێ دەدا خۆ وەدەرخەن و دەستی پیاوە دەمامک دراوەکان بۆ ناو کێڵگەی ئێش و ئازارەکانی خودی (ماریا)ش رابکێشن.

رووداوەکان روون و بەرجەستەن، هەندێکیان رۆژانەشن، بەڵام مامەڵەکەیان (پیاو)انەن، هەندێ جاریش شێوەی خیتابی سیاسی لەخۆ دەگرن، لەجیاتی خەم و پەژارەی ئافرەتانە، خۆ لە قەرەی باسوخواسەکانی ئاساییشی نەتەوایەتی و ئایدۆلۆژیای گۆڤارو رۆژنامە حزبییەکان دەکوتن، ئەگەر وانەکەن رەنگە لەو شوێنانەدا رووبەرێکیان بۆ بڵاوبوونەوە دەست نەکەوێ، رۆژنامەو گۆڤارە

ئەدەبییەکان(!) خۆیان بازاڕی ئەم دیاردەیە گەرم دەکەن، نووسەرانیش هەتاکو جێی پێی خۆ قایم دەکەن بە ناچاریی دەقەکانیان وەدەم ئەم دیاردەیەوە دەدەن.. پێشمەوایە کە ماریا پاش بڵاوبوونەوی ئەم کۆچیرۆکە ئەوجا دەتوانێ خۆی لە کاریگەریی ئەم بازنەیە رابپسکێنێ و، لە دونیای ئایدۆلۆژیاوە بپەڕێتەوە ژیانی راستەقینەی ئەو مرۆڤە راستەقینەیەوە، کە ئێستا هەر بە تەنهاو، لەودیوی دەرکا داخراوەکانەوە دەتوانێ دیالۆگی لەگەڵدا بکات.

پاڵەوانەکانی ماریا ئەقڵیان بەناوەوەو دەرەوەی خۆیاندا دەشکێ، دەرک بە نهێنییەکانی ژیانی راستەقینە دەکەن، بەڵام ناتوانن.. ناوێرن.. شەرم دەکەن شتەکان وەکو خۆیان بڵێن، ناشیانەوێ بێدەنگ بن، بۆیە پەنا وەبەر (ئاڵوگۆڕ) دەبەن، خەم و پەژارە راستەقینەکان لەخۆ دووردەکەنەوە، باس لەو شتە گشتیی و، کارەساتە گشتییانە دەکەن، کە هەموو (پیاو)ێکیش دەتوانێ باسیان لێوەبکات.

ئەمەش وەنەبێ خەتای خۆیان بێت، بەڵکو کۆمەڵگە ئاسنینە (پیاو)انەکە دەیسەپێنێ، پاڵەوانەکانیش ملیان بۆ کەچ دەکەن و، لەبری لە رووهەڵگەڕانەوە، هەوڵ بۆ وەدەست هێنانی بەزەیی دەدەن، ئەو بەزەییەی کە قەت نایەت.

پێموایە پاڵەوانەکانی ماریا خان لە میانەی سانسۆرێکی زاتییەوە دێنە مەیدانی کارو گفتار، پێش هەموو شتێکیش دەبێ لە رووی ئەو سانسۆرەدا بوەستن کە بریتییە لە کەڵەکە بوونی سات بە ساتی پرۆسەیەکی دوورو درێژی پەروەردەیەک، کە هی ئەوە، یا نەوەکانی پێشووترن و لەگەڵ زۆر شتی دیکەدا داخراونەتە نێو نەستی کەسەکان و خودی (منی باڵای) ئەفرێنەرکەشییانەوە کە لە پشتەرە هەڵیاندەسوورێنێ و، تەنانەت قسەشیان بەدەمەوە دەکات و



لەجیاتی ئەوان بیریش دەکاتەوە.

ماریا خان هەنگاوەکانی سەرەتایی بڕیوەو، ماوێتی گرێی بڵاوکردنەوەی یەکەم کتێبیش تێبپەڕێنێ، ئەو گرێیەی کە بە پەلەپەل کردن لە دەربازبوونی، یا بەخۆدزینەوە لە تێپەڕاندنی، لەگەڵیا رووبەڕوو دەبینەوە.

خاتوو ماریا هێشتا ئەوەی نەوتووە کە خۆی دەیەوێ، بەڵام بایی هێندە بوێریی لە قەڵەمەکەیدا هەست پێدەکەم کە بۆ کۆچیرۆکی دواتری زۆرێک لەو نهێنییانە بدرکێنێ کە ئێستا بەشەرمەوە.. بەترسەوە قسەی لێ کردوون.. هەموو ئەمانەش پەیوەستن بە بەردەوامیی بەخششەکانی ماریا خانەوە، کە دڵنیام بۆ ئەوە نەهاتۆتە قسە، کە بە ئاسانی لە قسە بچێتەوە.

ئەمانە دەڵێم لەوەش دڵنیام کە خاتوو ماریا خۆی لە هەموو کەسێک راستترو چاکتر لێم تێدەگا.

# دیل و لەزەت و عەزرەت

هیچ سەرەڕێیەکم لێ دیار نەبوو.. بەڵام بەبێ ویستی خۆم، کوێرانە رامدەکرد.. سەرم قورس بوو، کچێ خنکام!! ئەم تینوێتییە دەمکوژێ و هەموو توانایەکم لەدەست دەردێنێ.. قوڕگم وشک بوو.. رەگ و ریشەم لەسەر ئەم زەوییە هەڵدەکەنێ!! بەهیچ نەمرم بەم تینوێتییە دەمرم!!

ئەرێ ئەدی ئەم ئاگرەی قوڵنجم؟! نازانم ئەوە بۆ هەناسەکانم بۆن کرووزیان لێدێ؟!

دایە ئەم ناوە بۆ وا چۆڵ و هۆلە؟! لەبۆنی خوێن بترازێ، هیچی تری لێنایێ.. بۆنی ئەم خوێنە کاسی کردم.. مێشکی تێکدام. عەقڵی پێ لەدەست دام؟!

خودایە.. تەیراور تەیراور، کورە قەت تەیراورێکیش چییە سەربەم چۆلەوانیەدا ناکا!! پەکوو پەکوو!! چی بکەم؟! روو لەکوێ بکەم؟! نازانم بەرچاوم بۆ واتاریکە.. چاوم هەروا تاریک دادێ.. تاچاو هەتەر دەکا تاریکە.. داد لە دەست ئەم تێنوێتییە!! دەڵێی خەریکە چاوم دەردێنێ؟! بەڕاستی کوێرم دەکا!! لاشەشم لەکێڵگەیەکی خوێناوی دەچێ.. داخم ناچێ ئێستا و ئەوساشی لەگەڵدا بێ، بنیادەمێک نەبوو ئەم لاشە خوێناوییەم بشواتەوە.. بۆیە هەربەم خوێن



و قوڕەوە راکشاوم..

راکشانی چی؟! ئەرێ شوێنەکەم بۆوا تەنگە؟! ئاخر گۆڕێکی مردوو ئاساو بەئەلحەدم نییە.. بۆیە وا تەنگە.. دراوسێیەکانم هەموو بەکەمالی ئیسراحەت راکشاون.. هەریەکەو گۆڕێکی رێک بەقەدو بالآی خۆیان هەیە.. کەس لێیانی چاونییە، بەخوای ئیرەییان پێنابەم!! بەڵام هەرمن نەبێ؟.. ئێ کەسکم بەخۆم و بەم گۆڕە تەنگەو بەوجەستە خوێناوییە قێزەونە بسووتێتەوە؟!

(ئاخر تۆیەک کە لەوەحشستانێک هاتووی و لەزولمەتستانێکەوە گیانیان لێسەندییەوەو لە ناهەق خانەیەکەوە بێرە سپێردرای تەنانەت گۆڕێکی مردوو ئاسایشیان لێ بەزیاد زانی..ها ئیتر چیتە؟!

ئێ باشە ئێوە کەستان نەتانزانی حاجی مەولوودی دووکاندار بۆچی وا شڵەژابوو؟! ئەو رۆژە رێبوار دەیگوت هەرکە کڕیارێک پرسیاری نرخی شتێکی لێدەکرد.. حاجی لە دڵەوە رادەچەنی!! قسەکانی پچڕ پچڕ لەزاری دەهاتنە دەرەوە.. داخم ناچێ ئێوە نەتانزانی چی لەژێر سەری بوو؟!

حاجی رەنگی تەواو پەڕی بوو، پێی خۆش نەبوو کەس لەگەڵی بدوێ.. تەنانەت چاوی بەهیچ عالەمەکی خوای بکەوێ.. هەر دەقرقراو ئازاری گیانی ببوو بەچاو، وابزانم چاوەڕوانی هەواڵێک بوو، هەواڵێک لەناو قەدەوە دەی پساند.. دوودڵی و راڕایی تەنگیان پێهەڵچنی بوو.. قەتارەی خەڵکەکەش یەکجاری سەخڵەتیان کردبوو هەندێ سات دەیخواست خۆی بگەیەنێتە شوێنی مەبەست و ئەو پیلانە ژەهراوییە مایەپووچ کات.. چرکە بەچرکە سەیری کاتژمێرە

بەزنجیرەکەی بەر یاخەو گیرفانی دەکرد.. ئەگەر شەقاوێک لەولاتری وی بەبێدەنگی وەستابوای، گوێت لە تلّپەی لێدانی دڵە تەنگەتاوەکەی دەبوو.. وەک دیوارێکی هەرەس هێناو دادەڕووخا چۆکی دەشکا.. تەواو ورەی بەردابوو.. ئاخر کەس نەیدەزانی چ لەناخی حاجیدا هەبوو!! کوورەی چ ئاگرێکی بێ سەروبن، بێ سەرەتاو کۆتایی لەهەناوی دەسووتا.. هەر ئیمڕۆ گڵپە دەکات و دەبێتە سەرەتای گڕکانێکی وێرانکەرو لەناخی حاجی دەتەقێتەوە.. ئەلحەقی ئەو رۆژی حاجی هیچی لەدەست نەبوو.. ئەوەندە نەبێ لەدڵی خۆیدا خۆی دەخواردەوەو رۆحی خۆی بەدارو بەردو دیوار دا دەدا.. بەڵام بێسوود بوو.. کارلەکار ترازابوو تازە ئیشەکە لەدەستی دەرچووبوو.. لەلایەک لەترسی ئاشکرابوونی پیلانەکەو خەڵکی دەوروبەر لەلایەکی دیکە خۆ گوناە و تاوانێکی وای نەکردبوو کە شایەنی ئەو بینەوبەردەیە بێ!! بۆیە زۆر لە مەسەلەکە بەگومان بوو.. ئایش کە فەقیر بوو!! بەخوای فەقیرە دەتگوت مەڕی بێ سەرو زمانە!!

حاجی نەیدەزانی سەری خۆی بۆ کوێ هەڵگرێ.. هەستی بەلەدەست چوونی ویژدانی دەکرد.. وێدەچوو بەڕاستی پەژیوان بووبێتەوە، ئاخر دەرو دراوسێیەکان، کڕیارەکان، خەڵکەکە. چ بزانن چ ئاگرێک لەماڵی کێ بەردەبێت!!

کێ و کێ و کێی پێ دەسووتێ!!

وەلحاسلی حاجی مەولوود نەفرەتی لەخۆی و لەو پەلە ئاسنانە کرد کە کارخانەکانی مەرگ بۆ دانیشتوان و بوونەوەرانی سەر رووی ئەم زەوییە دایانهێنابوو، هەروەها لە زۆربەی دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان



و هەموو بەربەرەکانێتیەکانی دیکەو زۆر شتی تر دەکرد... ئەرێ وەڵڵا نەفرەتی لەزۆر شتی دیکە کرد!! دیاربوو لەبەرخۆیەوە هەر بەنەفرەت بی بەنەعلەت بی و نازانم چی و چی و چیی دیکەی دەگوت:

ماڵم قەبرە هەر پەکوو پەکووی بوو.. پێدەچوو بزانێ چ کاتێک کاتی جێبەجێکردنی بڕیارەکە بوو.. بۆیە ئێستا وەبیرم نییە چ وەخت بوو.. چونکە ئەو ئیشە عەیامێکی زۆری بەسەردا تێپەڕیووە، حاجی بەپێوە وەستابوو.. بەڵام لێدانی دڵی خێراتر دەبوو.. ئەوەندەم زانی بەلادا هات.. منیش گرتم.. گرتم و لە و شوێنەکەی خۆی لەسەر کورسییەک دامنا، چەندی گوتم ئەوە بۆ؟ خۆ نەساغ نیت؟!

هیچ وەڵامی نەدامەوە، پێم وابێ حاجی لەو ساتی تووشی نەخۆشی سیکۆباتی ببوو.. چونکە لەلایەک دوودڵ بوو، لەلایەکی دیکە ویژدانی ئاوزنگی دوایی دابوو.. سەفەری یەکجاریی کردبوو..

ئەلحەقی رەنگی زەرد ببوو، لێوی تەتەڵەی دەکرد.. کەچی نەختێ غیرەتی وەبەرخۆی هێنایەوەو لەسەرەخۆ بەمنی گوت: کاک رێبوار بەیارمەتیت تا ماڵەوە!! دەچمەوە.. ئەوان لەو قسانەبوون. تۆپ و کلیلەکەی لەناو گۆلمێدا بوو.. دەڕابەی دوکانەکەی هێنایە خوارەوە.. ئێی هێی خوای فەقیران!! جا کێ زانی من چەندم پێناخۆش بوو بمرم!!

ئاخر دایە دەزانم لەروخساری وشکەڵاتوو پیشخواردنەکەتەوە دیارە بەرگەی ئەو خەمە گەورەیە ناگری!!

ئێ تۆیەک بەم ئاخری ئۆخری عومرەتەوە تووشی سک سووتان بی چۆن بەرگە دەگری؟!

دایە خوا دەیزانێ درۆت لەگەڵ دەکەم ئەگەر بڵێم من پێم خۆش بوو بمرم. یان چاوم لەدوای ئەم دونیایە نییە!!

ئەم دونیایەی هەقی بەکۆمەڵگادا کەوا هیچ هەقێک نەبەمن و نەبەتۆی بدا!!

جا هەقیان بەکێی دیکە دا؟!

بەکەس، کەس، کەس.. بەڵام بەباڵای ئازارە روو زەردەکانت حاڵی حازر لەبەر خەمی خێر لەخۆ نەدیوی تۆی کڵۆڵ وا سەرگەردانم و دەڵێی بەسەر ئەم دونیایەوە نیم!!

دایکە توخوا ببەخشە کەوا بێ سەرو شوێن رۆیشتم.. ماڵئاواییم لێنەکردی. نەناونیشانی گۆڕەکەم بۆ بەجێهێشتی..

ئاخر خۆ تۆ دەزانی کێلەکەم بێ ناسنامەی مەرگ و ناونیشانە!!

ئێ من چ بزانم دەمرم!!

خۆ دەستی خۆم بۆن نەکردبوو!!

بەخودای چ بارێکی مەرگم لەخۆ بارنەکردبوو..

دایە چیبکەم قسەم زۆرە دایە زۆرە بەڵام دەتۆ ئەو مەسەلەیە لەبیرخۆت بەرەوە!!

چونکە ئەم گریانە گەرووی گرتووم و برینەکەی گەروشم دەکولێنێتەوە.. جگە لەمەش فرمێسک و خوێنەکە بەری دیمەنەکانم پێ لێڵ دەکەن و ناهێڵن باش بیانبینم تا بۆتیان بگێڕمەوە!!

دەک ئەم سەگانەش بەلەعنەت بن!!

ئەو رۆژە کە هاتنە سەرم هەندێک لەجلەکانیان دادڕ دادڕکردم و یەکجاری بێزەوەریان کردم.. پاشان لەبەر بۆنی خوێنەکەو گەنیوی



لاشەکەم بێزاربوون.. کەمێک سڵەمینەوەو پێدەچوو بێزیان بووبێتەوە، بۆیە دووسێ جار نابەدڵانە بەسەر سنگمەوە هەڵبەزو دابەزیان کردو هەندێکیش دەم و لەوسیان لەبرینەکەم وەرداو ئینجا لە دیار لاشەکەم هەر دەنووسکانەوە..

دەتگوت سکیان پێم سووت،ا بۆیە ئەو بەستەزمانانە باش بوو رۆیشتن.. لەچاکەی خۆیان بوو..

نازانم چۆن چاکەیان بدەمەوە؟!

دیاربوو زانییان هێشتا گیانم تەواو تەسلیم نەببوو.. ئائا ئاگام لێبوو، نەرۆحە ماندووەکەشم سپاردبوو...

دایە خوا سەبەبکارمان بگرێ، بۆیە تۆش قەت جارێک لەجاران وەک دایکی ئەو عالەمەڵلایەی مردووانی گۆڕستان سەردانێکت نەکردم. یان گۆڕەکەم ناناسی؟!

بەچی بیناسی!!

ئێ خێرەومەندێک نەبوو بڵێ ئەوەتا گۆڕەکەی!! چەند خێربوو!

ئەرێ ئەوە شێت بووی؟!

گۆڕی چی و حاڵی چی!!

چەند پاشۆڵە خۆڵێک لەلاپەرگەیەکی ئەم گۆڕستانە کە لەقوچەکێکی تێک و پێک چووی، کەمێک درێژ کۆڵە کە هەر لەگۆڕی منداڵێکی هەشت نۆ ساڵە دەچێ... ئەویش شوێنی ئێسک و پروسکەکەتە کە لەبەردەمی سەگەلان دەربازیان کردو هێنایانە ئێرەو بەو چەند بستە خاکەیان سپارد.. بۆیە ئەو رۆژە پێم گوتن، بەڵێ بەهەموو عەشاماتە سپی پۆشە هێلکەییەکەی دەرو دراوسێیەکانم

گوت:

- کوره کوڕی چابن!!

کچێ کچی چابن!!

بۆچی وا بەچاوی گومانەوە سەیرم دەکەن!!

بۆ منتان پێ غەریبە!! لەخۆتانم.. منیش مرۆڤم وەکو ئێوە... هیچ کەتن و کتوونێکم نەکردووە.. بەخودای چم بەخۆ شک نایێ!! بەلاّم ئێوەو خودا لەجلەکانم مەڕوانن!!

کەسێکم وەکو ئێوە پاک... کەچی من لەناو بەشەرگەلێکەوە هاتووم.. کە چەند قاتە چاوپانێکیان پێ ڕەوا نەدیتم!! بۆیە بەو مەلوولییەو بەم بێ وەزیعەتییە بەو قەلەندە رخانەیەیان سپاردم.

خوشکینە براینە.. خۆ ئێوە دنیاتان دیتییەو شارەزان و لەوسەری راهاتوون..

دیاربوو هەندێکیان بەزۆری ئافرەتەکان زوو باوەڕیان کردو زۆریش بەزەییان پێمدا هاتەوەو گەلەک دلّیان پێم دەسووتا.. چونکەیەک لەپیرێژنەکان و کچێکی هەرزەکاریش دایانە پرمەی گریان، بەلاّم هەندێکیان نازانم!!

کچێ ئەوە چییە.. ئەو ئازارەی قوڵنجم حەجمانی لێ هەلّگرتووم.. ئاگری لە هەناوی بەردام!!

چ خێرێکی خودای بوو حەھ کەس بەدەنگمەوە نەهات!!

ئەو هەتاوە گەرمە، مێشکی سووتاندم..ئەم تینوێتییە دەمکوژێ.. خنکام.. ئای کە حەزم لەگۆڕێکی جوان بوو!!

تا دایکم ئەو دایکەی کە زۆر بەعەزرەتەوە بوو، هەموو جارێ



دەیگوت:

- مادام لەم دونیایە مەنزلّ و مالّێکت نەبوو.. خوا لەو دونیا مەزارێکی بەدلّی خۆت بەقسمەت کات..

وەلێ ئەفسووس.. ئەویش نەبوو.. تا بهاتبایە سەردانی و چەند سەردولکەیەک و هۆرە هۆرو لۆرەلۆرێکی بۆ پەرت کردنی گرییە خەماوییەکانی دلّی خۆیم بۆ هەلّڕێژێت.. بۆیە منیش ڕۆژانە چاو لەڕێمە.. چاوم لێیەتی کە بە جلە سەرتاپا رەشەکانییەوە، حەسرەتبارانە چۆکەکانی لەباوەش دەگرێ و ئاهی دوکەلاّوی هەلّدەکێشێ، ئێستاو ئەوساشی لەگەلّدا بێ بوویتە خوویەک و بەری نادات..

ئەرێ ئەوە باسی چی دەکەی؟!

تۆیەک کە لەو چۆلگەیە لەتێنوێتیان خنکای.. چیت لەگۆڕی جوان؟ داوە.. ها؟!

دەپێم بلّێ.. دەزانم بەلاّم نازانی دایکم چەندی حەز دەکرد.. سێبووریی پێدەهات.. ئائا زۆری سێبووری پێدەهات.

ئەرێ بەڕاست بۆچی بەرچاوم هەروا تاریکتر دادێ؟!

ئەو مەملەکەتە لەبەرچاوم دەبێتە بازنەیەکی رەشی ئەبەنووسی داخراوو دۆزەخێکی یەکپارچەیی... ئەو ڕۆحە یاخییە سەر کێشەشم دەلّێی هەستی بەشتێک کردبوو، لەرزێکی ناوەخت دایگرتبووم.. دەزانم دایکە بارخوارە فەقیرە زمان کورتەکەم.. قەت لەبیرو دلّت ناچمەوە!!

دەزانم!! بەلاّم هاواری من و شریخەو زرینگەی تەقەکان، کە لەناو

بۆشایی چۆڵگەکەو لەناو هەناوی من زەلیلانە دەنگ دەداتەوە..

ئەرێ گوێت لێنەبوو؟!

بۆیە یەکجاری خنکام.. بەهیچ نەمرم بەم تێنوێتییە سەر دەنێمەوە!! هەستم کرد ئاسمان بەگەورەیی خۆی لەسەر را بەر بۆوەو بەسەر سەرمدا رووخا.. لەناخی زەویدا نقومی کردم.. دەستێکی نەناسیش وابزانم دەستی رۆحە هیلاک و تەسلیم نەبووەکەم بوو.. هەڵیکێشامەوە..

دەزانم دایە من لەو رۆژەی بووم، بۆ تۆش و بۆ خۆشم سەر کوێر کەرەوە بووم!! ئەو مەملەکەتە چ مەملەکەتێکی بێ رەحم بوو!! ئەو ئازارە مەلعونەو ئەو لاشە بێکەسەو ئەم رۆحەم هەڵشێلدراوەشم هەرپێ دەرباز نەکرا!!

هەستم کرد ئەویش هاوسەنگی خۆی لەدەست دا.. چونکە گوللەکان یان سەریان دەکرد یان کورتیان دەکرد.. منیش هەرچەندە سەرەتا لەگەڵ ئەو هەموو ترس و لەرزەش کەوەکو هەر نێچیرێکی دەستی راوچی مەرگ لاشەی خۆم دەبینی وەک کەشتییەکی بریناوی نقوم بووی ناو دەریای نامورادی و نەفرەت لێکراوی بوو.. بەڵام هێمن و ئارام لەسەرەخۆ هەڵدەهاتم.

پاشان وەک سەرکردەیەکی شکست خواردوو... هەنگاوەکانم شێوان، هەستم کرد دەمقیژاند تا ئەوساتی وا لەچەپۆکی مەرگ نەدەگەیشتم!! مەرگ بەلامەوە شتێکی جوان و غەریب بوو، کەچی ئێستا لەبەرچاوم شتێکی نابەڵەد و ناخۆش و تاڵ بوو..

ئاخر من هیچ لە مەسەلەکە نەدەگەیشتم، ئەوەندە دەزانم ئەو سەر



لەبەیانییە بەبیانووی پیاسەیەک.. لەپشت کۆنە بازگەکە لەکوێرە رێیەک چووینەژوورەوە.. لە چۆلستانێک ئۆتۆمبیلەکەی راگرت.. من چەند ساویلکەو بەستەزمان بووم!! ئەگەر نا بێبەزەییانە سەرنجە پڕ ماناکانی تێدەگرتم، ئینجا هێنامیە خوارەوە.. لەو ساتی تەزوویەکی ترسناک ئازای گیانی کردمە مەیدانی خۆی و تەڕاتێنێی تێدادەکرد.. هەستم بەخۆفێکی گەورە کرد، خۆفێک هەموو ئێسک و خوێن و دەمارەکانی لەبارێک دەرهێنام و هەڵیوەشاندەوە، لەناکاو دەستی بۆ پارچە ئاسنەکەی بەرپشتێندی برد، ئینجا زانیم نیازی خراپەکاریی هەیە.. قەستم کرد باڵ بگرم.. خودایە ئاخر من کوێر بووم کوێر هەستم بە مەرامی نەکرد!! هەوڵم دا غاربدەم و لە بەرچەنگی هەڵێم.. نەمتوانی، چونکە پێیەکانم لەدوام نەهاتن، کە چاویشم بە چاوەکانی کەوت دیار بوو خوێنێکی زۆرو پیس بەری چاوی گرتبوو.. قەڵەمی دەست و پێم شکا.. پاشان کەزانیم بەڕاستی مەرگ ڕاوم دەنێ!! ڕامکردو بەپارچە ئاسنەکاسنجییەکەی دەستی تەقەی لێوە هێنام.. لەگەڵ دەرچوونی فیشەکەکە ساتمەیەکم کردو دووسێ جار سەرانگرێ بووم و وەک گلۆڵەبەن خولم خواردەوە و، گلۆڵ بوومەوە.. لەگەڵ تەقەی دووەم.. ئاگرم لەشانی ڕاستەی بلند بوو، ئینجا تەپاوتل کەوتم، پەل و پۆی لەخوێن وەردام.. لەترسی مەرگ بەچنگەپڕێ راست بوومەوە.. ئاگام لێبوو وەک گیانلەبەرێکی بریندار شێتانە دەمزریکاند، چەند قسەیەکی پچرپچرم لەزاری دەردەپەڕی..کورەخنکام!! ئائاخنکام هەر لەو رۆژەوەیە هەر لەگەڵ ئەو ئاگرەی قۆڵنجم بوو تووشی نەگبەتیی ئەو تێنوێتییە هاتم و، بۆچۆڕە

ئاوێکیش خۆزگەم بەچاراوگە سەگێک دەخواست!! ئەرێ بەڕاست ئێوە قەت نازانن حاجی مەولوود چی لەبن سەری بوو ؟!.

ئێ من خاکی کوێ بکەم بەسەرمدا ؟! ئەرێ ئەو ناوە بۆ وا چۆڵ بوو ؟! چەند چۆڵو هۆڵ بوو! چۆلستانێک بوو بۆنی خوێنی لێدەهات لەبەختی من قەت رووحلەبەرێک تەیراورێک بەم کاولستانەدا نەدەهات، دەتگوت دڵی دانیشتوانی ئەم هەرێمە لەلێدان کەوتبوو وێدەچوو هیچ ئادەمییەکی سەر زیندوو لەو مەملەکەتی خودایە نەمابێ.. هەر خۆم غەریبێک بووم بۆ خۆم لەم غوربەتستانە!! چەند هاوارم کرد!! لەخۆم زیاتر قەت کەس گوێی لەهاواری من نەبوو!! کێ گوێی لەهاواری من بوو ؟! چ خەڵک و خودایەک ؟! لەبەر ئەم هەتاوە گەرمەسێرە سووتام، بۆسۆ لەبرینەکەم هەستا ، ئەم ئاگرو تینوێتییە تاواندمیانەوە.. چەندم خۆ دەخیل کرد!! پاڕامەوە ناورامەوە، ئاخر لەپای چی؟! مەردی خوا بەو پێم بڵێ.. بێ سوود بوو.. دڵم هەزارویەک غایلەی دەکرد.. دەبێ لەسەر چی بێت؟! چ بەندو بالۆرەو داوێکیان بۆ دانامەوە ؟! چ گۆبەندێکیان بۆ سازدابم؟! بە خۆم نەزانیوە. (لەگوێی گادا نووستووم) ئای کەفەقیرو خەمسارد بووم!! بێ شک لە گۆترە نییە!! بەڵام من وەک بەردی بنی گۆمێ وابووم.. ئاخر دەوەرە بەشەر تۆیەک لە مەملەکەتی دێوو دڕندە و گیانەوەران بی، وا گێل و خەم ساردو تووک نەرم بی ؟! هەی سندانم لەو سەرو مێشکە هێرەت دا!! ئێ دەتۆ پێم بڵێ چ لەززەتێک لە کوشتنی من دەبینی ؟! هالەکنە خوایە گیانی من گیانی تۆ بوو!! پێم وایە هەردووکمان لەگۆترە مرۆڤ بووین و لەپێستی مرۆڤدا بووین .. لەسیلەی ڕەحمی



یەک بووین!! دەزانم لەگەڵ کوشتنی من خۆشت دەکوژی و سەری هەموو خۆشی و خۆشبەختییەکانت تاهەتایێ لەبەرد دەدەی!! چونکە کە دوورو نزیک تەماشای روخساریم دەکرد.. پێنەدەچوو هیچ لەززەتێک و تامێک لەکوشتنەکەم بکات!! بەڵام نەشمزانی بەفیتی کێ بوو وای دەکرد.. ئای زمانم زمانم لەتێنان بستەک هاتۆتە دەرێ!! هەراسانی کردووم!! خنکام!! کەئاوڕیشم لێ دەدایەوەو دیقەتم دەدایێ بەڕوونی بەڕوویەوە، دیار بوو ئائا دیار بوو کە دیل و شەرمەزاری گرفتێک بوو.. هەست دەکرد خەمێکی خەست و ئالۆسکاو بەناوچاوەکانییەوە پرشنگیان دەهاوێشت؛ دەبریسکایەوە، هیچ چارەو مەفەرێکم نەما.. گوتم دەڵێم جەربەزە کارانە خۆم بدەم بەدەستییەوە تاخۆم لەم تینوێتییە و ئەولەم ئازارە دەرباز بکەم .. بەڵام دیسان سێرەی لێگرتمەوە، ئەم جارە کەو گوژیانە براچەی لەقۆڵنجی چەپمەوە هەستاند.. چاوم لێبوو خرا کوێری کردم.. ئاخر ئەم وڵاتە زوڵمەتستانێکی ئەبەدییە، کێ لە کوشتنی کێ دەپرسێ؟! کێ لەبێ سەروشوێنیی کێ دەگەڕێ؟!

کچێ مێشکم کولا ؟! خنکام؟! ئەم تێنوێتییە کوشتمی!! ساڵی رۆژێکی تێداما بێ دەمکوژێ!!

بەم ئاگرانەی قۆڵنجە کانیشم نەمرم، بەم تینوێتییەی هەناوم دەمرم!! ئائا دەمرم.. داد لەدەست ئەم تینوێتییە!! خودایە.. سەرەتا چەند بێ گۆڕو گۆڕ خانە بووم.. ئێستاش بەناشوکری نەبێ کۆندڕێکی تەسک وتلیسکە کێلە کانیشم کوچکە بەردێکی ڕەق وتەقە، هیچ ئایەتێک و ناونیشانێکیان لەسەر نەنووسراوە..

نازانم ئەم تینوێتییە چییە؟! تەنگی پێهەڵچنیوم.. گێژی کردووم.. کە سەریشم هەڵدەبڕی هەرچواردەورم لێشاوی مەرگ بوو.. گەمارۆی دەدام، لەمن ڕاکردن و خۆ بەدارو بەرد دادان و خۆ بەدەستەوە نەدان.. لەو درشت بوون لەسەر پەلامارەکانی.. بەڵام دیاربوو دەستی دەلەرزی، هەستم کرد دەروازەی بەدڵ ماندووی مرۆڤایەتی لەڕاست هەموو بەزەیی و سۆزێک دادەخرا.. کەچی هێشتا درزێکی زۆر بچووکی وەک داوە دەزوو باریکی تێدامابوو.

ئەوەندەم دەزانی لاشەم لەگیانەوەرێکی بریندار دەچوو، کە لەگەڵ دڕندەیەکی دەم بەخوێن و قوربەسەر و قورسەبار لەململانێدا بوو.. ئەو ڕۆژی ڕۆژێکی زۆر سەیر بوو، مەرگی نەگبەتی دەستی لەیاخەی گیرکردبووم و دەستبەردام نەدەبوو سیمام ببووە باڵندەیەکی باڵشکاوی لەخوێن وەردراو.. ئەو تینوێتییە تینوێتییە.. بەرەبەرە لەمەرگی نزیک دەکردمەوە، بۆیە هەنگاوەکانم لەت و پەت بوون و تێکدەشکان ئەو خوێنەش شێوەی دەشێواندم، دایە باش بوو بەم شێوە ناشیرینەوە نەتدیتم.. خۆ من دەزانم کێندەرم دێشێ.. دەشزانم کێ وەکو ماری سڕ پێوەی داین بەڵام ئۆف!! تازە کار لەکار ترازاوە و دەستیشم وەهیچ ڕاناگات!!

کەچی تۆ نازانی، نانا بە خودای نازانی.. بابشزانی!! تۆ یەکی بێ سەرو بێ زمان بێ ڕۆح دەتوانی چ بکەی؟! دەوێری چ بڵێی!! دایە شوێنەکەم زۆر تەنگە، ئاخر کێ زانی بۆ چی ئۆتۆمبیلەکە لەسەر شەقامەکە، لەکەرخی دووکانەکەی حاجی مەولوود ئێستاپی گرت؟! بۆچی حاجی بێ چەندو چوون و بێ سێ و دوو بەگەڵ ئۆتۆمبیلەکە



کەوت؟!

دایە خوا دەزانێ هیچ لەخەڵک و دراوسێ و کریارەکان بەس کاک ڕێبوار نەبێ ئێستاو ئەو ساشی لەگەڵدا بێ کەس نەیزانی بۆ چی کوڕەکەشی بەدوایدا هاتبوو؟! دایە چی بکەین کە ژیان رووبارە خەمێکی ژەهراوی بوو، من و تۆش ساویلکانە لێمان خواردەوە نابەخشە دایە بەئارەزووی خۆمان نەمانخواردەوە بەڵکوچاوی ئەوانە کوێر بێ خودا ماڵوێرانیان کات کەوا بێ بەزەییانە دەرخواردیان داین.. کەسێکیش لەئادەمییە سەر زیندووەکان نەیانتوانی خەمە ئاڵۆسکاوەکانی قووڵایی دەروونی تۆ بخوێنێتەوە و تێیان بگات.

ئائا دایە خۆزگە لەبیر خۆتم دەبەیەوە!! ئێ دە لەبیر خۆتم بەرەوە!! ئەدی ئەوە نییە سەری کزت هەر لەئەژنۆ نەکردەوە، تاخەمەکانی تۆ سەری منیشیان نابەهەق خوارد و نابەدڵ بەم دەردەگرانەیان بردم و نابەکامیش لەیەکیان کردین!!

*** لە گۆڤاری کاروان ژ «١٤٣»ی ساڵی «٢٠٠٠» بڵاوکراوەتەوە.**

# رۆشنایی چاوەکان

بەدوو دڵیەوە هەنگاوی دەناو دەگریا.. کشتەکە دەزووە زەردەکانی گوێچکەی، لەگەڵ باهۆزو زریان، پسابوون، گازاندەیان لەدڵی بەبەردبووی دونیا دەکرد.. سۆلە لاستیکە پەمبەو سوورەکانی پێی لەسەرەتای کۆچەکە، لەدەم رێبازگەکە پەل و پۆیان پچڕابوون پێخواس مابۆوە، ترسی ون بوون زارەترەکی کردبوو، هەموو ئومێدێکی لە قەفەزەی سنگ تێکدەشکاند.

رووخساری لەبەر برسییەتی و سفت و سۆی سەرما زەرد هەڵگەڕابوو. ئای کەسووکارە لەدەست چووەکان ئاخۆ ئێوە لەچ هەورازو نشێوێکدا دەگەڕێن؟

جەستە ماندوو هیلاکەکەی، برستی لەبەربڕابوو، دڵەڕاوکێ و بێ ئارامی خەریکبوو دەروەست و دەرەقەتی بێن و بەتەواوی بیبەزێنن، ئەوەی دڵی پێخۆش دەبوو تەنیا ئەو زنجیرە شاخە نەپساوە بوو کە لەناو خاکێکی دوورودرێژ راکشابوو.

رووبارە لێڵە بەهاش و هوشەکە قەرە بەقەرەی رێگایەکەو پێ بەپێی رەشە خەڵکەکە ماندووهیلاک درێژ دەبۆوە، دڵنەواییان پێ دەبەخشی، وای تەخمین دەکرد کە ئەو شاخ و رووبارە دەست بەرداری ئەو خەڵکە پشت بەکۆڵانە نابن، کە بەشەکەتی و بێزاریەوە ئەم رێگایە ماندووەیان دەکوتایەوە.

لە پاڵ کەلاوە داڕووخاوەکە وێڵانە سەنگرایەوە، ئەو جەستە



ماندووەو بیرە جەنجاڵەی بەزەویدادا، کە پشووی هاتەوە بەر، دەستی بەکڕووزانەوەیەکی منداڵانەی باوک مردوویی کرد، ئیتر رێگای دانەگرت، نەوەکو لەمە زیاتر لەوان هەڵەتەبێ و لێکدابڕێن.

پتەوی دامەزراوی بناغەی دیوارە مەشکانییەکەو پاش ماوەی سووتاوی لەسەر بازگەیەکی فراوان و جێ شەڕگەیەکی وێران کراوو وێرانکەر دەچوو، کە لەپاش دەستە وێرانکەرەکان بەجێ مابوو، سیمای بۆردومانکراویەکی بێ رەحمانەی دەنواند.. شوێنەواری لافیتە دڕاوەکان و نووسراوی سەر دیوارەکان، مۆرکی دوژمنایەتی پێوە دیاربوو.

پەنجەکانی بەفروبای سەهۆڵبەندانەکە بردبووی، سەرو قژە تۆز لێ نیشتووە تێک قژ قژاوە ئاڵۆسکاوەکەی لەڕەشی گوناهەکان رەشتر دەهاتنە بەرچاو هەموو کارەساتە یەک لەدوای یەکەکانی لێدە خوێندرایەوە، لەروومەتە قەڵەش قەڵەش بردووەکەی گوڕوتین و خۆڕاگری هێزێکی لەبننەهاتووی ئەم خەڵکە سەرلێشێواوە بەدی دەکرا.

ئای لەو نەگبەتییە!! ئۆف خودایە چ مێگەلێکی بێ خودانین. بەو دەشت و کێوانە کەوتووین!!

مەرگیش وەک دڕندەیەکی هار لە هەموو لایەکەوە پەلاماری دەداین، ئەو خەڵکەش شێتانە لەگەڵی دەجەنگان، گۆڕستانەکانی دەم رێگایەکان لە کێڵگەیەکی مەرگاوی دەچوون، ئەی کەسی بێکەسان، چۆن بووینە گۆچانی دەستی خەم!! دڵێی ئەو خەڵکە هەمووی بەبەر قەهرو غەزەبی خواکەوتووین؟! نانە رەقەی خوا سایشمان لێبۆتە

حەزرەت و چنگمـان ناکـەوێت.. لەپاڵ دیوارەکـە، ئاوڕێکی دایەوە، هەستی کرد شاخ و رووبارەکە لێرەوە کۆتاییان پێدێ، ئیـتر بەخاکی ئەو دیویان دەسـپێرن و دەستبـەرداریان دەبن، دەیان بیرو لێکدانەوە وەک تریسکەی تفـەنگ لەناخیـدا گوزەریان کـردو وڕوکـاسیـان کـرد، بەدەوری خـۆیدا چەند جـار سـووڕی خـوارد، خـەمـێکی خـەست بەرووخسارییەوە وڕووکا، حەشامەتەکەش لەبەر ماندوویی و بێزاری خۆیان، هەستیان بەبوونی ئەو نەدەکرد.

خەریک بوو گیانی هەڵبقەنێ، هەر کەسەو بەسەر کۆستی خۆیاندا کەوتبوون، رۆژە رەشێکی وابوو، کێ ئاگای لەکێ بوو؟!

کـەس ئاگـای لەکـەس نەبوو.. کـەس.. کـەس کـەس، رۆحی هەڵدەدەفـا چەندی دەیکردو دەکـارا، نەی دەتوانی لەو لێـشـاوی نائومێدییەو لەبەردەم ئەو تەنگەزارییە خۆی رابگرێت و دەربازی بێت، لەناو ئەو ئەشکەوتی ترسە ئەهوەن بێتـەوە، زریکەو ناڵەی ئازارێک بەناو موخی هەموو ئێسقانەکان و شادەمارەکانیدا چەخماخەی دەدا، فـوارەی دەبەست، تەندوورەی دەکـرد، خـۆی وەک باڵندەیەکی دیلی دەستی تارمـاییـەکـانی مـەرگ و تێکشکاوییـەکی یەکـجارەکی هاتە بەرچاو، بەناچارییەوە خۆی پەلکێش دەکرد، لەپێشە خۆی دایە پرمەی گـریانێکی کـە سـەربار، قـیـژاندی، هەناسـەی زیاتر تەنـگ دەبوو، هەوایەکی ژەهراوی گـەمـارۆی دەدا.. بەهەردوو دەسـتی سـەری خۆی گـرت و توند گـوشی، گـێـژانە بەدەوری خـۆیدا سـووڕا ،ئینجـا لە شوێنەکەی خۆی راست دانیشت.. خەڵکەکان ئەو خەڵکانەی کە چەند شـەقاوێک لێوەی نزیک بوون، بەناچارییـەوە بەلایەوە وەرچەرخینەوە،



نیگایەکی غـەریبـیـانەییـان لێبـڕی... پیرەمـێـردێک بەهەناسـەیەکی قووڵەوە قومی لەجگەرەکە دەدا، چەند کەسانێک لەدەوری کۆبوونەوەو بازنەیان بەست، ئەویش هەر دەگریا.

- ئۆف خوایەگیـان؟! ئاخ دایە؟! دایکە فەقیـرە بارلار دەکەم.. بۆ بەدەنگمـەوە نایێی؟! خـۆتۆ منت زۆر خـۆش دەویست، بەڵام نا.. نادەزانم تۆش لەترسی باوکم ناوێری بستێک جیـابیتـەوە، تا بەدوای مندا بگەڕێی و بمدۆزییەوە.. ئەگەرنا تائێستـا هەموو کونجێکی ئەم دونیـایەت بەدوامەوە دەکرد، ئاخر کێ دەزانێ؟ هەموو جارێ کە باوکم بەسـەریدا دەقـیـژاندین، تۆش لەگـەڵ ئێـمـەدا زراوت دەڕژا، زێرکت دەچوو.. ئیـتـر چی بکەم؟! بێکەس.. بێ بەرگ بێدەرەتان.. دایە.. دایە.. ئاخـر من کـێـوە بڕۆم؟! روو لە کـوێ کـەم؟؟ کێ من بەخـۆی دەگرێ؟! ئیـتر بەرە بەرە هێور بۆوە، خەڵکەکەش لەسەرەخۆ پەرتەیان کردو بەبێدەنگی بەڕێکەوتنەوە.

جارێکی دیکە بەچاوە سوور هەڵگەڕاوەکانی هەموو خـەڵکە کۆڵ بەکـۆڵەکـەی بێـشت، لەناکـاوڕا دێوەزمـەی ترس و نائومـێـدی چۆکی قـورسی لەسەر سنگی ترازاند، لەناو دەنگی کـولکانەوەی گـریانی و، ئەو گـریانـەی یەکـە یەکـەی خشـتـەکـانی دیواری ورەی دەڕووخـاندو هەڵدەگرت، شەپۆڵی زەردەخەنەیەک تەکانی دا، تروسکاییەکی خستە ناو هەناوی، ئەودەمەی چاوەکانی بەکامەرانی کاکی کەوت، کاتێک لەناو ژاوەژاوو ئاپۆرەی خەڵکەکە، کە کەڕەسیسەیان کردبوو، لەدەوری ئیڤایەکی سەربازی، بۆ وەرگرتنی نانە رەقە.

*** لە گۆڤاری کاروان، ژ، «١٣٤»دا بڵاوکراوەتەوە.**

# سەفەری تەمەن و ئاوێنەی ناخ

ژیلە لەپۆلی یەکەمی ناوەندی بوو، لەگەڵ کەژاڵی خوشکی کە لە پۆلی سێی ناوەندی بوو، لەژوورەکەی خۆیان خەوتبوون.

زەنگی تەلەفۆنەکەی لێیدا.. زرنگ... زرنگ.. زرنگ.. زگ.. زگ.. ژیلە چاوەکانی هەڵگلۆفی و دەستی بۆ تەلەفۆنەکە درێژ کرد.

– بەڵێ فەرموو

–ماڵی خاتوو ژیلەیە؟

– بەڵێ

– تکایە هەر ئێستا وەرە بۆ خانووی ژمارە.... لەشەقامی.... لەگەڕەکی... تۆیان دەوێت.

– دەتوانم بزانم بۆو لەبەرچی؟!

– بەداخەوە تەنها لەسەر من بوو پێت رابگەیەنم.

– بەڵێ، زۆر سوپاس.

بەپەلە لەشوێنەکەی خۆی راست بۆوەو، جلەکانی لەبەرکرد و کەلوپەلەکانی ئامادەکرد، لەماڵ وەدەرکەوت.. تەکسیەکی راگرت.. تەکسیەکە کە گەیشتە گەڕەکەکە، لەناوەڕاستی شەقامەکە فەرمووی لێکرد ئەویش دابەزی، چاوی بەچوار دەوری خۆی و شەقامەکەدا گێڕا..



ئەوە فڕنیە کەلاوەکەی کاک نەوزادەو لەسوچەکەدایە!! بەڵام شێوەکەی گۆڕاوە، ژوورەوەی فڕنییەکە هەمووی کراوە بەکاشی فەخفووری!! ئەی ئەوە خانووە رۆژهەڵاتییەکەی ماڵی پلکە زارێیە!! بەڵام نەخشەکەی گۆڕاوە، ئەی بۆچی پلکە زارێ دیارنییە؟! خۆ هەر لەبەر دەرگا دادەنیشت!! ئەوە چییە دەڵێی هەموو شتێ گۆڕاوە!! بێ ئەوەی لەکەس بپرسێ، لەو خانووە نزیک بۆوە کە ئەویان دەویست..

بەترسەوە دەستی خستە سەر پلاکی زەنگی قەد دەرگایەکە، زڕزڕزڕڕڕ کەژاڵی خوشکی کە نەختێ بەنا ساڵ کەوتبوو دەرگای لێکردەوە.

بەزەردەخەنەوە فەرمووی لێکرد و باوەشیان بەیەکدا کرد ئینجا ژیلەش بەتاسەوە پێی لەدیوی ژوورەوەی ماڵەکە دانا.. چاوی بەحەوشەو دەرگاو پەنجەرەکاندا گێڕا.. دوایی لە دەرگای ژوورەکە چووە ژوورەوە.. دایکی دیت لەسەر قەرەوێڵەیەک راکشابوو، دەم و چاوی چرچ و لۆچاوی و قژی تەواو سپی ببوو. بێ سێ و دوو چووە ژوور سەری.. لەولاتر برایەکانی راوەستابوون بەتووڕەو تۆسنییەوە سەیری کردن، ئەوانیش بەبنی چاوەوە لێیان دەڕوانی.. قسەی لەگەڵ کەسیان نەکرد.. لەکەژاڵی پرسی:

– دایکم چییەتی لەکەیەوە نەخۆشە؟

– نازانم؛ دکتۆرەکان چەند مانگێک لەمەوبەر پێیان گوتووین تووشی نەخۆشیی دڵ بووە.

– ئەی بۆ زووتر خەبەرتان بۆ نەناردم؟ لەمەشدا فەرامۆش و بێبەشتان کردم؟

لەسەرخۆ نێو چەوانی دایکی ماچ کرد.. چەند دڵۆپە فرمێسکێک کەوتە سەر روومەتی دایکی.. دایکی بەئاگاهات، لەشوێنەکەی خۆی دانیشت بەگەرمی بەخێرهاتنی کردو باوەشی بۆ کردەوە.

– رۆڵە لەکەیەوە هاتی؟ باش بوو هاتی، زۆرم بیر دەکردی.. شەووڕۆژ لەخەیاڵی تۆدابووم، ئەو ماوەیە هەر بەشڵەژاوی و خەمباریت دەبینم.. زۆر سەرقاڵ و سەرلێشێواوبووی.. کچم بۆ وا بێهێز و بێزاری؟! دەب دوێ.. قسەیەک بکە!! بۆ وا بێدەنگی؟! لەخەونەکانیش دەتبینم.. بێدەنگ و مەلوولی!!

– دایە گیان ئەوە لەکەیەوە ئەو خواستانە بۆ من دەخوازی؟! بۆ لەمەن دەپرسی؟ ببەخشە دایکی میهرەبانم گەر بڵێم لەخۆت بپرسە!! چونکە لەتۆوە فێری بێدەنگی بووم.. لە روخساری رووخاوی تۆدا خەمم ناسی.. من هەموو شتێکم لەو ماڵە بەبیردێتەوە کەچی قەت قەت زەردەخەنەیەکی تۆم بەبیرنایێتەوە!! نەهیچ پەندو ئامۆژگارییەک، بەداخەوە دایە کە تۆ دەوری دایکایەتی خۆت وەکو پێویست نەدیت!!

(لەو قسانە بوو، کەژاڵ هاتە بەرەو رووی).

– تکایە بێدەنگ بە.. بەم قسانە دایکم ئازار دەدەی، ئاخر تۆ نازانی دایکم نەخۆشە؟!

(ژیلەش بەتووڕەییەوە بەسەر سەری کەژاڵدا هاواری کردو قیژاندی:

– بێدەنگ بە بێدەنگ بە بێدەنگ بە.. هەتاکو کەی بێدەنگ بم؟! ئەوەنییە بەدرێژایی تەمەنم فێری بێدەنگی بووم.. بەس بێدەنگی و ترستان فێرکردم.. تا تۆش!! دەستت لە رووخان و خەمۆکی مندا



هەبوو چونکە ترسنۆک و نەوێربووی.. هەر لەهاواری برایەک لە چاو سوور کردنەوەی خوشکێک زێرکت دەچوو دەتۆقی.. تا منیشت فێری ترس کردو لە هەموو شتێک لەم دونیایە بێبەشت کردم!!

(لەگەرمەو لێزمەی گریانە زەلیلەکەی بەئاگا هاتەوە.. کەمێک هێور بۆوەو دەستێکی بەسیما شکستاوییەکەیدا هێنا.. داوای لێبوردنی لەدایکی و لەکەژاڵ کرد.. لە دڵیشەوە هەستی بەدڵ رەقی برایەکانی کرد، چونکە هەریەکەو بەبیانوویەک لەژوورەکە خۆی، دزییەوەو رۆیشتە دەرەوە، کەژاڵیش لەسەر کۆسپەی دەرگاکە وەرچەرخییەوەو هاتەوە لای).

– ئاخر ئێمە چی بکەین؟ باوکمان... دایکمان برایەکانمان.. وایان فێرکردین!!

– باوکمان!! وشەی باوکمان... چەند بەمن نامۆو غەریبە! باش بوو ئێوە ئەگەر لە تەمەنێکی کەمیش بوو باوکتان دیت.. نازانم تا چەند سۆزو سوودو خۆشەویستیتان لێ وەرگرت؟ بەڵام من تەنانەت لەسۆزی باکاویەتیش بێبەش بووم!!

(دیسان رووی لەدایکی و کەژاڵ کردو سەرێکیشی بۆ لای برایەکانی راوەشاند کە لەدەرەوە بوون.. گوتی:

– ئێوە گوناهکارن.. چونکە ترسێکی واتان تێدا گەڵاڵە کردم کە تا هەتایە لەگەڵم هات و تامردنیش دەستبەردارم نابێ.. ترسێک سەری هەموو رێگایەکی لێگرتووم.. عەقڵی تێکداوم.. هەموو دەرگایەکی لەروودا داخستووم!! ئێوە بەو ترسە تێکتانشکاندم.. لاوازتان کردم.. وێڕا نەگەیشتم جگە لە بێدەنگی، بیر لەهیچ

بکەمەوە!! هیچ هەنگاوێک بهاوێژم!! (لەو ساتی ژیلە بەتەنگەتاوی دەگریا.. گریانێک هەموو بیرەوەرییە تاڵەکانی بەبەرچاویەوە دەهاڕی و رادەماڵی.. دایکی و کەژاڵیش دەگریان، هەریەکەیان دەویویست سکاڵای دڵی خۆی وەک نیمچە گلەییەک بۆ ژیلە باس بکات)

– بەسە توخوا!! بەم قسانە دەردم گرانتر دەکەی!! دەزانم کچم من گوناهکارم.. دەشزانم دایکێک بووم تا سەرئێسقان بەرامبەر بەم خێزانە وێرانکاری و هەناسە ساردیم کردییە!!

– دایە گیان بمبەخشە گەر بڵێم لە سایەی بێدەنگی و هەناسە ساردی تۆدا لەهەموو شتێ لەم ماڵە هەناسە ساردبووین!! بۆیە بەدرێژایی ئەو تەمەنەی کە لە ئێوە دابڕاوم، هەوڵم داوە رابردوو لەگۆڕنێم.. دایە دەزانم تۆ مرۆڤێکی سووتاوی.. بەڵام ئێمە چی بکەین؟! چیمان بکردایە؟! دایە خۆ ئێمە دەستەکانی ئاگرمان ماچ نەکرد؟!

ئاخر نازانی بێدەنگی تۆ سەری هەموو خۆشییەکی لێخواردین!!

ببوورە دایکە.. مەرگی ئازیزان قەت ئەو وێستگەیە نەبوو!! کە تۆ خۆت و ئێمەو خێزانەکەتی لە پێناودا دانێی و بەقوربان کەی!! مانای ئەوە نەبوو، بەم جۆرە بڕووخێی و دەست لەم ژیانە بشۆی و تەسلیم بەئازارو چەرمەسەرییەکان ببی!! دایە کەی دایکایەتی ئاوابوو؟ ببوورە دایە گیان پەیامی دایکایەتی وانەبوو!! هەرچەندە باوکیشم زوو بەجێی هێشتی.. لەناو دۆزەخی ئەم دونیایە.. هاوبەشی خەم و هیلاکییەکانی نەکردی!! نەهیچ تەگبیرێکی بۆکردی!! بەڵام خۆ باوکم ئێمەی ئەمانەتی دەستی تۆ کردبوو!! نەشیزانی لەدوای خۆی تۆش



دەبی بەمردووەکی سەر دونیاو نەشمردی!! ئەو ژیانە ژیان نەبوو نازانم تۆ.. قەدەر.. چارەنووس؛ کێ؟! بۆ ئێمەی دەستنیشان کرد.. دایە هەموو شتێکم لەو ماڵە خۆش دەوێت.. لە هەمان کاتیشدا رکم لە هەموو شتێکە.. چونکە بەدرێژایی ئەو تەمەنەی لەو ماڵەم بەسەربرد نەمزانی پێبکەنم و لەگەڵ گریانیش راهاتووم!! بۆیە بەگریان سەرە دەری لەم رۆژگارە دەردەکەم و ئازارەکانیش فەرامۆش دەکەم!!

– کچێ رۆڵە بەسە!! ئەوەی من لێم دەوێی ئیتر لەناو هات و هاواری ئەم رۆژگارە خۆت گرمۆڵە مەکە ئاخر تۆ نازانی.. چەند سەرت لەخۆت و لەمنیش شێواندووە!! کچم تکایە زۆر ماندووم.. دەزانم تۆش ماندووی (کەژاڵ بۆ ئەوەی دڵنەوایی بداتەوە.. دەستی گرت و رایکێشا!

– وەرە بابچینە ناو باخچەکە.. سەیرکە گوڵەکان..جۆلانەکەمان..

ژیلە لەبەر پەنجەرە بەهێڵەگە ژەنگاوییەکە تەماشای کردن.. بزەیەک گرتی و دەستی کەژاڵی گوشی.

ژیلە پێش ئەوەی ماڵئاوایی بکات.. ملی لارکردەوە.. دەمی برد دەستەکانی دایکی ماچ بکات.. دەنگێک هانی دا پەشیمان ببێتەوە..

– نەکەی!! ئەوە چی دەکەی؟! نازانی ئەو دەستانە بەدبەختییان پێناساندی!! (دەنگەکە دووبارەو سێ بارە بۆوەو دەنگی دەدایەوە.. بەڵام ژیلە نەفرەتی لەو دەنگە کرد تۆکێی؟! چ دڕندەیەکی؟! تۆ مرۆڤ نی؟! چیت لێم دەوێ بەسە! بەنەفرەت بی بەنەفرەت بی...

– نا بەپێچەوانەوە.. ئەو دەستانە فێری ململانێ و خۆڕاگرییان

کردم..

(ئەوساتەی دەمی خستە سەر پشتە دەستەکانی دایکی.. لە دڵەوە ڕاچەنی.. بەزەیی بەو ساتە هاتەوە.. چونکە یەکەمجاربوو هەستی بەسۆزێکی دایکایەتیی ئەو دایکە کڵۆڵە کرد. لەلایەکی دیکە هەستی بەترسێکی یەکجار گەورە کرد، نەکا دایکی هەست بەو دوودڵی و ڕاڕاییەی بکات.. خۆ ناهەقیشی نەبوو چونکە دایکی قەت جارێک لەجاران تەنانەت بە چەژنیش لە پاش مردنی ئازیزەکانی ئەوانی ماچ نەکردبوو.

ئەو دەمی بیرەوەرییەکان گڕە ئاگرێک بوون و لەخۆی لوول دەدان)

نا.. خودایە؟ ئەوە چ ناشوکرییەک دەکەم؟ چ هەڵەیەکی گەورەو بێئامان دەکەم؟! خەریکە خۆم بخەمە ناو چاڵی چ گوناهێکی گەورەو پۆخڵ؟! من بەم جۆرە خۆڵ لەچاوی هەموو شتە جوانەکان دەکەم!! بەتەمام زیاتر لەهەموو ڕابردووی ژیانم، زیارەتی بتخانەکانی دەردەداری دەکەم!! خودایە خەریکە بەو خەیاڵانەو بەقسەی ئەو دەنگە لەعنەتییە چ بێحورمەتییێک بەرامبەر بەبوونەوەرێکی میهرەبان دەکەم؟! ئەوە چییە؟ چ بیرێکی گڵاو دەستەو یەخەم بووە؟!

خودایە دایکم هەست بەو غایلانەم نەکات!! نەخۆشەو نەخۆشییەکەشی کوشندەیە.. کێ ناڵێ هەر لە پاش لەدەست دانی باوکم، تووشی ئەو دەردە نەبووەو لە ئێمەی نەشاردۆتەوە؟!

دەنگی دایکی بەئاگای هێنایەوە!

– کچم مەڕۆوەو ئیتر لەلای ئێمە بمێنەوە.. ئاگادارت دەبم.. ئیتر ئازارت نادەین!! کچێ ڕۆڵە تۆش هەمووشتێ لەڕابردووی من



نازانی!! ئاخر کارەساتەکان هەموو شتێکیان لەناخیدا کوشتم!! بەفەتارەتیان بردم.. ناچار منیش خۆم بەبێدەنگی سپارد، بێدەنگی داڵدەگای ئازارەکانی من بوو.. دەزانم ئەو بێدەنگییە نەگبەتییەش کە شانی گرتووم.. بواری هیچی نەدام.

– نا دایە ئیتر ئێرە ماڵی من نییە! سەردەمانێکی زۆرە من ڕۆحێکم لە دەرەوەی دونیای ئێوە.. جێگای من لێرە نابێتەوە، دەبێ بڕۆمەوە بۆ ئەو شوێنەی کە لێی هاتووم... دەبێ خۆم لەگەڵ خۆم بژیم و ئەو ڕێگایەش تەواوکەم کە لە پێشمدایە.

– کچم دەکەوایە هەر دەڕۆیەوە؟ بەڵێنم پێبدە کەوا ئیدیکە بەو سەر لێشێواوییەت نەبینم. ئاگاداری خۆت بە ئەوەندە بیر لەودونیایە جەنجاڵە مەکەوە.. نەوەکو بخلیسکێی!!

یاخوا لە بەڵای لابەلا دووربی، تۆ نازانی من بەئازاری تۆ چەند ئازار دەچێژم؟! لەوەتەی تۆ ئەو ماڵەت بەجێ هێشتووە قەت ڕۆژێک دڵم ئارام نەبووەو نەحەوامەوە.

– نا دایە دڵنیابە تۆ نازانی من تا ئێستاش چەندە لەناو زەردەخەنە خەماوییەکانی سەر لێوە زەحفەرانییەکەی تۆ دەحەوێمەوە!! لە ساتە بەزیوەکان جا لەهەر کوێ بم ئەو زەردەخەنانە باوەڕم پێدەبەخشن، چونکە تۆ بۆ من دایکی باوکی!!

(کەژاڵیش وێنەیەکی خێزانی کە لەخۆی و ژیلەو برایەکانی کە هەموویان بەناو ساڵ کەوتبوون هەروەها دایکیان بەجلێکی سەرتاپا ڕەشەوە کە دواوێنەیان بوو لە پاش مردنی باوکیان و پێش ڕۆیشتنی ژیلە گرتبوویان.. لەسەر مێزی تەلەفزیۆنەکە بوو..هەڵیگرت و دایە

دەست ژیلە.. ژیلەش وێنەکەی بەبەرۆکی خۆیەوە ناو.. دەستی دایکی گوشی و بەرووی کەژاڵ پێکەنی.. دەستی هاویشتە سەر یەدەی دەرگای ژوورەکەو دایگرت.. گڵۆپەکەی ژوور سەری پێبوو)

– ئەی خودایە.. من لەکوێ بووم؟! کێوە چووبووم؟! کوا باوکم؟ ئەی دایکم؟ ئەی خێزانەکانمان؟! ئەی کەژاڵ؟!

(چاوی بەژوورەکەدا گێڕا.. کەژاڵی دیت لەولاتری وی خەوتبوو رووی وەرگێڕا.. سەیری کاتژمێرەکەی ژوور سەری بکات.. وێنەکەی کەوتە بەرچاو.. بەئەسپایی دەستی دایێ و سەیری کرد.. دەستی بەسەرو قژی خۆیدا هێناو سەیری ئاوێنەکەی بەرامبەری کرد.. ترسا.. تەقەی دەرگایەکە رایجفراند پێش ئەوەی دەرگایەکە بکرێتەوە.. وێنەکەی لەژێر سەرینەکەی دانا.. دایکی هاتە ژوورەوە.

– ژیلە ئەوە بەئاگای؟! کەژاڵ کەژاڵ هەستن کاتژمێر حەوتە ئێستا پاسەکە دێتە دواتان.. درەنگە بۆ قوتابخانە لەوانەکانتان دوا دەکەون!!

– دایە کوا باوکم؟! ئەی برایەکانم؟!

– هەموویان لەژووری نانخواردنن.. چاوەڕێی ئێوەن.

(کەژاڵیش یەکسەر هەستاو لەگەڵ دایکی چووە دەرەوە، ژیلەش دیسان وێنەکەی دەرهێناو سەیری کرد کە هەموویان نزیکەی بیست ساڵ تەمەنیان چوو بووە پێش)

– ئەوە چی بوو؟! چ نەگبەتییەک و ژیانێکی تاڵ چاوەڕێی خێزانەکەمان دەکات؟! چۆن تەفروتوونادەبێت؟!

دوو سێ جار سەری بەم لاو بەولادا راوەشاندو هەناسەیەکی



قووڵی هەڵکێشاو وێنەکەی لەناو دۆڵابی جلەکانی حەشارداو بەپەلە چووە دەرەوە.

*** لە گۆڤاری کاروان ژ «١٣٨»دا بلاوکراوەتەوە.**

# گەڕان و سێبەر

کاتژمێر چواری سەر لە ئێواریە چلەی هاوینێکی سووتێنەربوو.. ئەو ڕۆژە من هیچ حەوسەلەیەکم نەمابوو. نازانم ئەم خەمە ڕەشەو ئەو بەربادییە چی بوو؟! کە بەرچاوی لێڵ کردبووم... نەدەشمزانی لەچییەوە هاتبوو!!

ئەوەندە دەزانم نازانم لەکەیەوە لەگەڵم دەستەو یەخە بووینەوەو دەستبەردارم نابن.. بەپەلە گوڵەکانی ناو مەرکانەکانم ئاودا... یەک یەک سەیرم کردن، گوڵە نازنازەکان لە پەلکە زێڕینە دەچوون، پەپوولەکەی چەند ڕۆژەشم بینی بەئاسوودەییەوە بەسەر گوڵەکان هەڵبەزو دابەزی دەکرد.. دەتگوت سەمفۆنیایەکی خەیاڵاویی بۆ لێدەدرێ.. باوەشی بەگوڵەکاندا دەکرد، وەک سەماکەرێکی دڵفڕێن و دڵگیر دەجوولایەوە.. زەردەخەنەیەکی تەوساوی گرتمی.. خۆش بەحاڵت پەپوولە!!

ئینجا چوومە ژوورەکەی خۆم و خوشکە بچووکەکەم.. بەدەست و بردی تەنوورە سادە ڕەشەکەو کراسە گوڵ وردە مۆرەکەم لەبەرکرد. لاسارانە خۆم لەدەست مەرامی میوانەکان ڕزگارکرد.. ئەو میوانانەی سێ شەوو سێ ڕۆژە وەک چەتە دەبنە میوانمان.

نازانم ئەو میوانانە چییان دەویست؟!



بەڵام دەزانم هەموو تەقەلایەکیان بۆ تێکشکان و دواتریش کۆتایی پێهێنانی من و خێزانەکەمان بوو.. ئەو خێزانە فەقیرەی کەوا هەمیشە بەدرێژایی سەرەتای دروست بوونی، ڕۆژگار، قەدەر، غەدریان لێکردو بەدەست بەدبەختییەکانەوە زریکەی دەچووە حەرشی عەزیم و دەینالاندو ئینجا دەکەوتەوە سەر دۆزەخەکە، باوەڕ بکەن کە ئەو میوانانە دەهاتن من هەترەشم دەچوو، میحرابی ئاسوودەییم دادەڕووخا، ڕۆحم کە هەمیشە کێوێکی بەرزو خۆڕاگرو نەلەرزیو بوو.. کەچی لەگەڵ لەدەرگادانی ئەوان.. خاپوور دەبوو، جەستەم دادەهێزرا، دەتگوت مەرگ هورژمی بۆ هێناوم و لەئاوزنگ دام!!

هەستم دەکرد وێرانکارییەک لەگیانی خێزانەکەمان گیردەبێ.. هەڕەشەی لە شیرازەی خێزانەکەمان دەکرد.. بەدبەختییەک وەک ڕەشەبا دەیلووراندو ماڵەکەمانی لەگەڵ خۆی لوول دەداو گەڕاپێچەی ناو دۆزەخی ئەم دونیایەو ئەو دونیا دەکردین.. ئەوسا من منی خەمناس هەموو جۆرە خەمەکانی دیکەم ناسی.. چونکە ململانێم لەگەڵ بەدبەختییەکان دەکرد.. ئینجا لەماڵ دەرکەوتم و کوێرانە شەقامە شەست مەترییەکەم کوتایەوە، ئای های!!

لەخۆم خڕو غافڵێ!! چەندە خڕو غافڵ بووم کە بێ ویستی خۆم دەرگاکانی بەدبەختیم رادەهەژاندو دەکردەوەو هێدی هێدی دەچوومە ژوورەوە.

لەترافیک لایتەکەی تەنیشت گۆڕەپانی یاری کردن، ئاپۆرە خەڵکێکی زۆرم کەوتە بەرچاو، کە داقژ قژابوونە سەر پەیژەی گۆڕەپانەکە، بەڵام هەموویان یەک ڕەگەزبوون. منیش بەتامەزرۆییەوە

لەشوێنەکەی خۆم وەرچەرخیمەوەو لەسەر شۆستەکە وەستام.

لەناکاو گوێم لەهاش و هووشی جەماوەری ئامادەبووی سەر پەیژەکان بوو، خەڵکەکە یەکپارچە هەستانەوە سەر پێیان، دەنگی هەراو هۆریا لەگەڵ فیکەی ناوبژیوان و دەنگی بێژەری یارییەکە بەرزبۆوە.. چریکەی خۆشی جەماوەرەکەو گۆڵ گۆۆۆل گۆۆۆۆلڵ..

چەندە پێم خۆش بوو لە شوێنەکەی خۆم لەگەڵ خەڵکەکە پڕ بەدەم هاوار بکەم!! کەچی سەیری ئەم لاو ئەولای خۆم کرد.. حای!! ئەوە بەتەمای چیی؟! خۆ لەم دونیایە دانەبڕای، یان دەتەوێ یەکجارەکی جێ بەخۆت لەق بکەی!! باش بوو، خێرا بەهۆشی خۆمدا چوومەوەو هاتمەوە.. سەیری کوژەکەی ئاسمانم کرد.. ئۆف خودایە!!

لەعنەت لە هەندێ لە یاسایە کۆمەڵایەتییەکان.. ئەو یاسایانەی ئێمەیان لەزۆر شتی ئەم دونیایە بێبەش کرد، لەزۆرشت!! بەدوودڵییەوە بەدەستە چەپ لە پێچەکەدا سووڕامەوە، لەنزیک مۆزەخانەکە تووشی ئافرەتێکی شێت هاتم، شانەکانی وێکهاتبوونەوە، سەرو قژە تۆزاوییەکەی بەهۆی ملە باریکەکەی، بەسەر پشتێکی کووڕو قاوغە سنگێکی تێکشکاودا شۆڕببۆوە.. بە تاسووقەوە لەلای سەنگرامەوە. خەیاڵم رۆیشت تەمێک بەسەر چاومدا هات، پێڵووەکانم لێک دا.. دایکی رەحمەتیم هاتەوە یاد کەوا دەیگوت:

– ئافرەتێکی شێت هەیە پێی دەڵێن زەردو سوور، جلەکانی رەنگاو رەنگن، ملوانکەی مووری و مەرجانی لەملییە.. بازنەی زۆری لەدەستییە.



کەوتمە ناو دۆزەخی گومان، بەڵام ئەم ئافرەتە جلەکانی هەمووی رەشن!! بازنەی لەدەست نییە!!

نەهیچ مت و مووریەکیشی پێوەیە.. ئێی هێی!!

دەبێ ئەم جەنگە نەگریس و لەعنەتییە کاری لەم ئافرەتە بەستەزمانە کردبێت؟!

دیسان سەیرێکی کەشکەلانی فەلەکم کرد.. ئای خودایە؟! ئۆف چارەنووس!! کێ لەکارت دەگات!!

هەنگاوەکانم هێدی هێدی شەپۆلی بێدەنگی روحیان بڕیم.. بەرامبەر میوانخانەکە، کە کەوتبووە لاپەڕگەیەکی شار.. لافیتەیەکم بینی.. بەتێڕوانینێکی ورد خوێندمەوە.

(ئاگاداری جەماوەر دەکەینەوە، کاتژمێر پێنجی ئێوارە. کۆڕێک ساز دەکەین لەژێر ناونیشانی «ئافرەت نیوەی کۆمەڵە» هاتن بۆ هەمووانە) بەهێمنی لەدەرگای کۆڕخانەکە چوومە ژوورەوە، سەیرم کرد.. هۆڵەکە مۆنجەی دێ لە پیاوان.. تاک تاکەش ئافرەتم بینی، بیرم تێکچڕژا.

دەبێ ئەو پیاوانەی ئامادەبووینە، ئەو پیاوانە بن کەوا بەڕاستی ئافرەت بەنیوەی کۆمەڵ دادەنێن؟!

یان وەک دایەلۆگ ئەم رستەیە دەڵێنەوە.

نانا باوەڕ ناکەم!!

لەپشتەوە وەک غەریبەیەک بەم دونیا، لەسەر یەکێک لە کورسییەکان دانیشتم..

ئای های!!

دیاره ئەم هۆڵانە تایبەتن بەپیاوان.. بۆ ئافرەتیش قەدەغەن.. باشە باوکم قەیدی ناکا.. ناهەقی ناگرم، نەخوێندەوارەو هەمیشە خەریکی کاسبیی خۆیەتی!!

ئەدی ئەوانە؟!

هائا دیارە هەروایەو قەدەغەیە!!

ئەگەرنا بۆچی هیچ ئافرەتێکیان لەگەڵ خۆیاندا نەهێناوە؟! ئێ ناڵێن ئەم شوێنانە جێگای رۆشنفکران و موسەقەفان و نازانم چی و چی و چییە؟!

هەیهو...هەیهو!!

دەباشە بابزانین چی دەڵێن.. دەزانم ئێستا هەریەکەو چەند قسەیەکی زل زل دەکەن، بەئەسپایی گوێچکەم شل کرد.. لەناکاو خوشکە بچووکەکەم بەهێمنی بانگی کردم.. هەستە کاتژمێر پێنجەو کاتی هاتنی میوانەکانە.

*** لە گۆڤاری هەڵەبجە ژ «٤٠٣»ی ساڵی «١٩٩٩»دا بڵاوکراوەتەوە.**

# ترس و داو

ئۆتۆمبیلە لاندگرۆزەرەکە، لەبەر دەرگای ماڵە دراوسێییەکەمان وەستابوو، دەبوایە من ئەو سەر لە ئێوارەیە، هەموو شتێکم بزانیایە، بەڵام من هیچم نەزانی، هیچ، تەنانەت کە سامان دەیگوت:

- دایە ئەم دراوسێییەمان پیاوێکی چەند خوانەناس و ناپاکە

من بەرپەرچی قسەکانیم دەدایەوە

- رۆڵە وازبێنە، ئێمە کڵاوی خۆمان گرتووە با نەیبات، دواییش ئەمە ماڵی حکوومەتە!

- نەخێر دایە، ئەمە ماڵی میللەتە.. ماڵی ئەو خەڵکە رەش و رووتەیە.

ئەو رۆژە سامان قسەی دەبزرکاند، وادیاربوو گەیشتبووە سەر ئێسقانی، بەڵام دایکی قسەکانی پێ لەزاریدا مردارکردەوە:

- کورە کورم تۆ هەقی ئەمانەت چییە؟: هەموو کەس دەزانێ ئەوانە نان لەخوێنی هەزارەها کەسی بێ تاوان دەگوشن.

- ئێی هێی! خوایە ئەو شەوە چەند ساردبوو!!

من و ئافرەتەکەی دراوسێشمان زۆرلێکراوی دەستی یەک زۆرداربووین.

ساقۆیە ئانیشک دڕاوەکەی لەبەرکرد، جەمەدانییەکەی دەمامک



دا، ئەوی تریش خاولییەکەی لەملی ئاڵاند، خۆیان تەیارکردو بەرێکەوتن، لەلارێی نزیک بازگەکە خۆیان حەشاردا:

- شەو باش

- شەو باش

(لەگەڵ ماندوونەبوون، هەریەکەیان بەپەلە فەردە فافۆنێکی وەرگرت.

شەوی پاشتر لەهەمان کات.. دایکی نێوچەوان ئیفلیج و رەش درکی بەم نهێنییە کرد)

- ترسام، زۆر ترسام، زانیم بەدبەختییەک چاوەڕوانیمان دەکات، بەڵام نەمزانی چییە؟!

چونکە ئەوان بە بەدبەختی لەدایک ببوون و بەبەدبەختیش ژیان و ترسەکەشم زیاتر لەوەوە بوو کە بەبەدبەختیش بمرن، ترسەکە لەگەڵ تێپەڕبوونی کات چرکە بەچرکە زیاد دەبوو، زیاتر دەیتاساندم، خەریک بوو دواخشتی دیواری ورەی چەند ساڵەی لەدەست دەردێنام، هەستم دەکرد خۆم دەدەم بەدەست رووخانێکی زۆر گەورەو پڕشکست.. خۆم دیت لەسەر لاشەی خۆم هەڵدەپەڕیم.. هەوڵم دا بتوانم ئەم جیهانە نەفرەتییە بگۆڕم.. نەمتوانی!

ئەو ترسە لەعنەتییەش سەرەتا، بێبەزەییانە دەستێکی لەناو هەناوم گێڕاو ناخی لەت کردم و ئینجا دەیتاواندمەوە، دەست بەجێ تەندروستی شێواندم هەموو خەون و بیرەوەرییەکانی تێکشێلام و وەک پارچە گۆشتێک لەجەستەیان پچڕاندم.. ئەو ترسە تین و خوێنی شادەمارەکانی مژیم و پاشانیش هەر ئەو ترسە بوو بەئەژدیهایەک و

بەبەرچاوی خۆمەوە خوێنەکەو، بگرە ساڵەکانی تەمەنیشی قورف کردم.. ئەو ترسە لەجۆرە شێتییەک دەچوو لەبوونی من رەگی داکوتا، دەستبەردارم نەبوو نەبوو!!

وەک بروسکە خۆی خزاندە ئاقاری مێشکم و کێلای، تومەز ئەو ترسە وەک گلۆرەیەکی، سەر بەرەو ژوور بەسەر باسکی دووزام، گلۆریان کردمەوە لەهەموو سۆزێکی ئەو دنیایەیان بێبەری کردم، لەهەموو سۆزێک. چەندیان لێ پاڕامەوە.

داسەکنێن.. تووشی پەلێک دەبن.. کورە رۆڵە بیکەن بۆ خاتری خودا بەختی دایکتان زۆر ناسکە، ئێمەو قاچاغچییەتییان نەگوتییە؛ ئەگەر بچن شیری منتان لێ حەرام بێ.. بەڵێ پێم گوتن.. زۆرم پێ گوتن.. بێسوود بوو ئەولادی ئەو زەمانەی چەند گوناهکارن لە ئاست دایکان.. قەت چۆرە رەحمێکیان بەدڵیدا نەگەڕا..

چەقۆی رێنمایی دایکایەتیم، نەیتوانی دڵی بەبەردبووی ئەوان ببڕێ، زمانی کرووزانەوەم، ویژدانی سەهۆڵبەندانی ئەوانی پێنەتوایەوە.. ناخی پڕ لە بەزەیی و گەرمم نەیتوانی لەسەرماو کرێوەی مەرگ بیان پارێزێ.

خودایە.. ئەو بڕیارە بەردینییە چی بوو؟! بەرۆحی من و بەرۆحی خۆشیان دادا.

وام هەست کرد لەم خاڵەدا هەموو دنیا وەستاو کۆتایی پێهات..

هەموو هەوڵ و تەقەلایەکی تەمەنم، لەم شەوەدا بەبەرچاوی خۆمەوە بەتێکشکاوییەوە سەمایان دەکرد.

وەڕسییە هەرەسهێنەرەکان، دایاندەچڵەکاندم، بەدارو بەردیان



دادەدام و دایاندەڕزاندم.. پێشەنگی ئافاتێکی مجرۆیانەم کرد. کێ دەزانێ، چرنووکی چ ئازارێک لە رۆحی ژانگرتووم گیردەبێت؟! نەمتوانی لەچنگ راوچی رۆح دەربازیان بکەم.

ناچاریان کردم تامی ئازارێکی نا پیرۆز بکەم و تامرنیش بیچێژم، هەموو خۆشی و خەونێکیان لەدەست دەرهێنام. هەموو.. هەموو.

خودایە.. لەدایک بوونی من چ هەڵەیەک بوو؟!

بۆچی بووم بەدایکی گرفتارییەکان و خۆشییەکانم ناس نەکرد؟!

(پێش ئەوەی بگەنە نزیک بازگەکە.. لەگەڵ ترپەی پێڵاوەکانیان.. ئاگر.. لەچواردەوریان هەستا.. بەخاولییەکەی ملی، چۆکە خوێن لێ بەربووەکەی برایە گەورەکەی پێچایەوە.. بەهەشتاوی هەردووکیان هاویشتنە پشتەوەی لاندگرۆزەرەکە)

ئەویش هەمان شەو خۆی گەیاندە هاوڕێ کاربەدەستە بەرزەکەی..

- فریاکەوە. تازە تێچووین.. هەردوو گیراوەکە!! ئم.. چی؟!

- دراوسێتانن؟؟ هائێ.. چۆن؟!

(بەدەم لەتردانەوە.. چاوە سوورە دەرپۆقیوەکانی هەڵگلۆفی)

نانا.. ترست نەبێ ئەوەیان خەمی من.

- چۆن ترسم نەبێ، ئەوان هەموو شتێ دەزانن!

(من هیچ لەمەسەلەکان تێنە دەگەیشتم.. بەس ئەوەندە نەبێ ئێمە لەگەڵ ماڵە دراوسێیەکەمان پەیوەندییەکی زۆر سروشتیمان هەبوو، بەڵام لەدوورەوە، لەپشتەوەی ئەو پەیوەندییەوە، هەستم بەمەترسییەکی زۆر گەورەو سەخت دەکرد.. چونکە لەگەڵ قسەکانی سامان رۆحم لەدووڕ دەستم وەک باڵندەیەکی سەربڕاو هەڵدەلەرزی و

بەبەرچاوی خۆشمەوە تلی دەخواردەوە).

– هەلۆ.. شەوباش.. بەرپرسی نەخۆشخانەی تەوارییە؟!

– من.. ئم، تکایە ئەو برینداری ئەم شـــەو هێنرا بۆ لاتان، ئیهمالی کەن.. تاوانبارێکی خەتەرناکە.. ختوورەتی هەیە بۆ سەر هەموومان.

– بەڵێ بەچاوان..

– هەلۆ.. شەوباش.. بەرپرسی گرتووخانەیە؟! بەڵێ، من ئم.

– تکایە ئەو تاوانبارەی ئەم شەو هێنرا بۆ لاتان، ریشی بکەن، دەبێ هەر ئەمشەو بەسزای عادیلانەی خۆی بگات.. تاوانبارێکی ترسناکە ختوورەتی هەیە بۆ سەر هەموومان.

– بەڵێ بەچاوان، بەڵام گەورەم مووی لێنەهاتووە.

ـ ها... ها.. ها.. باشتر.. کاتمان زۆرکەمە، دەبێ دەستوەکەلی بکەین.

– بەچی پێدەکەنی؟

– بەسەرکەوتن!!

(ئێستاش کە نووستووم بەخەبەرم و قسە دەکەم و رادەجفرم، نازانم! نازانم چ شەیتانێکی نەفرەت لێکراو لەخشتەی بردن؟!

من زۆر خۆگربووم.. بەڵام زۆر ترسام.. تەنانەت لەخۆشم ترسام، وێنەی کارەساتە لەت و پەتەکان لەمێشکمدا جێیان نابێتەوە و خەریکە مێشکم دەخۆن، ئێمە بەو ژیانە نەمرو نەژینەو بەو نانە خوا پێداوە رازیبووین، شەپۆلەکانی ترسیش، هەزاران جاریان بەولاوبەم لای بەندەرەکانی مەرگ دادام و نەشمردم!!



نەمزانی چ نەگبەتییەک پەلکێشی سەر ئەو مەرگەمووشەی کردن، بەڵام زانیم دەبێ شان بدەمە بەر کۆسپێکی یەکجار گەورە.

(بەناوی ئەو سەرکەوتنەوە، قوورەیان لەبنی بوتڵەکانەوە هێنا، پێکەکانیان لێکداو ئینجا هەڵیان دا، دەستیان بەسمێڵەکانیاندا هێناو بەسەری ئەوانیان سڕییەوە، بەقاقای پێکەنینەکانیان بێدەنگیی شەویان شەق کرد، لەو شەوەدا هەموو شت بۆگەنی ببوو.. هەموو شت.. هەمووشت، تەنانەت شاریش لەگەڵ ئەم شەوەدا بۆگەنی ببوو، بەڵام هیچ کەس بۆنی ئەم بۆگەنەی نەدەکرد!!

بەیانیش لەپاڵ پەسارگەی تاری گوناهەکان، لەگەڵ شەپۆلەکانی رووخـــان و چرینی لاوژە.. لەگـــەڵ زریکەی دەنکە فـــرمـــێسکە بێرەحمەکانی دایکە جگەر لەدوولا براوەکە، پۆلە کۆترێکی سپی بەسەرسەری شارێکی سەربڕاوو هەردوو لاشە لەخوێن گەوزاوەکە، بێ سەر دەسووڕانەوە، هەر ئەوان بەتەنیا بۆنی بۆگەنەکەیان دەکرد. بۆیە بەقێزەوە لەشەقەی باڵیان داو جارێکی تر نەگەڕانەوە، تەنها لەبەرە بەیانێکی وەک هەمان بەرەبەیان، لەگەڵ تەقینەوەکەی نزیک بنکەکە، کۆترەکان پێکەنینەکانیان بینی... تێکەڵ بەخوێن و ئاگرو دەنگی رێکۆردەرەکەی ناو لاندگرۆزەرەکە ببوو، کە مۆسیقایەکی پڕ لە لەزەتی تاوان و سزای دەچڕی..

**٭ لە گۆڤاری نووسەران نوێی ژ «٩»دا بلاوکراوەتەوە.**

# سووتانی شاراوە

لەبەر پەنجەرەی ژوورە خامۆشەکە دڕدۆنگ و گرژ وەستابوو، هەڵمی دەمی پارچە شووشەی پەنجەرەکەی داپۆشی، جارجار بەدەستەکانی هەڵمەکەی دەسڕییەوە، وای دەسڕییەوە دەتوت دەیەوێت گوناهەکانی خۆی لەگەڵ شووشەی پەنجەرەکە بسڕێتەوە، کەچی پاش تۆزێکی تر شووشەکە وەک جاران تەمێکی سپیی خەست پەردە ئاسا دایدەپۆشی.

دیسان شووشەی پەنجەرەکەی سڕییەوە، سەری بەرزکردەوە، سەیرێکی بەرزایی ئاسمانی کرد، کلووە بەفرە یەک لەدوا یەکەکانی کەوتنە بەرچاو، لە پارچە پەڕۆیەکی سپی دەچوو، دەکەوتنە سەر روخساری حەوشەکەو باخچە بچکۆلە چوارگۆشەکە، بەفرە کەڵەکەبووەکانی سەرلق و پۆپ و دەماری دارمێوە گەڵا وەریوەکە، لەبارگەو بنەی هێلانەی پەڕەسێلکەیەک دەچوو، کە لەسەر گوێسوانەیەک کۆچی ناوەختی خستبێت.

تۆپەڵە بەفری سەردار گوڵە وشک بووەکانی ناو باخچەکە، لەژووری کۆبوونەوەی کودەتایەکی سەربازی هیتلەر دەچوون کەوا ڕێکەوتن نامەیەک مۆر بکەن، سەبارەت بەدەرکردنی بڕیاری کوشتنی ڕۆحێکی بێ گوناهی مرۆڤێکی بێ جەسارەت!!



ئەویش لەبەر پەنجەرەکە دەستەکانی هەڵدەگلۆفین، سات ساتەش بەمەبەستی گەرم کردنەوەی پفێکی لەناو دەستەکانی دەکرد. ئای کە سەرمای بوو، ددانی ددانی نەدەگرت، لەسەرمان ئازای گیانی وەک بیی ناو ئاو چرک و هۆڕ دەلەرزین، لێوەکانی دەکرۆشت، سمێڵە دەسکە کەرەوزییەکەی بەددان دەقرتاند ئینجا بەخیزێکەوە، تف... تفێکی دەکردە دەرەوە، کەڵەمووە قرتاوەکانی تووڕ هەڵدەدا.

قاچەکانی ڕێ بڕناکەن، بەهەرحاڵ دەبێت ئیمڕۆ پێنج شەممەیە خۆی بگەیێنێتە گۆڕستانەکە، چونکە بەڵێنی داوە سەرلەمەزاری نەبڕێت، بەڵکو ئەمە خودایە.. دڵی فراوانە.. لەم گوناهە گەورەیە بی بەخشێت، هەرچەندە تاوانی شاراوە ئاگری لەدەروون بەرداوە، کوورە ئاسا دەسووتێ و بۆن چزووڕک لە هەناوی دێ، ئەوە بۆ دووساڵ دەچێت سەری لەئەژنۆی نەکردۆتەوە، چەند چاوی بەکتێب و قەڵەم و یاداشتەکانی دەکەوێت هەموو ڕۆژێک دەمرێت و دەژییێتەوە، ئای لەو کەسەرە زل و گەورەیە، وای لەو کۆستە کەوتووە، چەند قومی لە جگەرەکە دەدات نەک جگەرە بەڵکو دەیەوێت گۆشت و ئێسکی لەگەڵ بسووتێنێ.. خەریکە شێت دەبێت، لەگەڵ کەس نادوێ...! هەر خۆی و خوداو ئەو دەزانن چ تاوانێکی مەزنی دەرهەق کردووە، هەست بەمردوویی ویژدانی ونی دەکات.

دەزانێ دەستەکانی کەعبەی گوناهەکانییەتی، گوناهەکان نوێژی تاوانی تێدا دەکەن. بەهەرحاڵ.. خۆی گەیاندە دەرگای حەوشەکە، دوایی چووە دەرەوە بۆ سەر شەقامە سەرسەختە سەرما بردەڵەکە، کە سەروسیمای لەژێر بەفرەکە سپی دەچۆوە، خاڵ خاڵەش سەرو گوێلاک

و روخساری خاڵی ڕەشی تێکەوتبوو. ئینجا سواری یەکێک لەشڕە جێبەکان بوو.

شڕە جێب بەشەقەشەق شەقامەکەی بڕی، ڕێگایەکە لەژێر لمۆزی جێبەکە هێواش هێواش قۆنگرەی دەخوارد، ئەویش لاجانگی گزرۆکی شەلاڵی ناو ئارەقەیەکی خەست ببوو، لە ئارەقەی سەرە مەرگ دەچوو.. دەنگی زایەڵەو نەوای نووزانەوەی ئەوی بەم قسانە لەگوێدا دەنگی دەدایەوە:

خۆ کوفرم نەکردووە..!!

پیاوم نەکوشتووە..!!

ناپاکیم لەگەڵ نەکردووی..!!

خۆ خیانەتم لە نیشتمان نەکردووە؟!

لەگەڵ دەنگی شریق و هۆڕی هاڕژنی دەنگی گوللەکان تێکەڵ بەیەک دەبن، وەک زیڕەی حەزیایەک بەسەر سەریدا دەقژقژێن.. خەریکە دەتۆقێت..!! دەڵێی زەنگی زەنگوڵی کڵێسەکانە لەمێشکی دەزرنگێتەوەو کاسی دەکات. بێژینگی سینگەدابێژ دابێژەکەی وەک فیلمی سەر شاشەی تەلەفزیۆن و سینەماکان دەکەوێتەوە بەرچاوی، فرمێسک وەک ئاوی کانی لەچاوی خوێن تێزاوی سەردەکانت

ئای لەم خەمە خەفەکراوە!!.. وای لەوکارە جەرگبڕە!!

لەناکاو پرسیارێک سەرقیت دەکاتەوە کە زۆر لەمێژە لەمێشکیدا گینگل دەخواتەوە بەخۆی لەخۆی دەپرسێت:

باشە چۆن خەڵکی نازانن بەدەستی ئانقەست کوشتم؟ چۆن؟! خۆمن مەخزەنێکم لەسینگی ئەوو دیواری ژوورەکە خاڵی کرد.. نازانم



چۆن ئەم کارەیان بەقەزاو قەدەر قەبووڵ کرد؟! ئێی.. هێی.. نانا.. ناهەقیان نییە.. کەمێک هێور دەبێتەوە، خۆ من گۆڤەندێکی وام نایەوە، هاوارو لەخۆدانێکی وام سازدا، هەقیان بوو باوەڕ بکەن.. بەهەرحاڵ وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرچووم، لەوساتە مردووە بەدڵ دەیخواست کەسێک لەخزم و خێش و ناسیاوو دراوسێیەکانیان ڕاست بێتەوەو پەنجە بنێتە ناوچاوی..بڵێ بەئانقەست کوشتت.. ئینجا تەسلیمی دادگای بکات بۆ ئەوەی چیتر تاوانی شاراوە نەیسووتێنێ، بەڵکو بەسزای خۆی بگات. ئاخ.. ئاخێکی هەڵکێشا، لەشی بێ هێزی داهێزرا.. لەناکاو جێبەکە گەیشتە بەردەم گۆڕخانەکە، شوفێرەکە وتی: فەرموو کاکە دابەزە.. ئەویش ڕاچڵەکی، ئازای گیانی بێ ئەمەکی نقوومی ژێر ئارەقەی شەرمەزاری ببوو..

ئینجا لەشڕە جێبەکە دابەزی وەک هەموو مرۆڤێکی پەیڕەوی دابونەریتی ئایینی بکات.. سلاوێکی لەسەر تاپای ساف و بێدەنگی مردووانی ناو گۆڕستان کرد، دوایی دەست لەسەر سنگ بەرەو تاکە گۆڕێکی بێ ناز ڕۆیشت، دەتوت بۆ سەر گۆڕی سەربازی ون دەچێت.. ئینجا چووە ژێر پێی گلکۆکەو زۆر بەڕێزو نەوازشەوە سلاوێکی تایبەتی لێکرد، هەر دەتوت کەڕەنای سلاوی کۆماری یەکێک لە ولاتە کۆمارییەکان لێ دراوە، ئەویش لەبەردەم فەوجێک سەرباز وەستاوە، بێ جووڵە دەستی ڕاگرت، لە پاشان فاتیحەیەکی خوێند، دوایی چووە ژوورسەری گۆڕەکەو دانیشت.

لەسۆفییەک دەچوو کە لەخەڵوەتگایەک زیکرو تەهلیلە بکات، دەستەکانی بەرزکردبۆوە، لەدەرگای یەزدان دەپاڕایەوە.. داوای لێ

بووردن له خۆڵێکی ساردو سڕ دەکات..

هاوارو نزاکـانی بەشـەرمـەزارییـەوه بۆ عـەرشی خـودا ڕەوانه دەکات..فرمێسکی پەشیمانی وەک گەواڵه هەورێکی بەهاران هەوکی گرتووەو خەریکه دمیخنکێنێ.

دواجار دەستەکانی لەسەر ئەژنۆی شل و شکاوی بەرامبەر بەقرە قـڕێکی پڕوپووچ دانا، هەسـتـایه سـەرپێ لەبەر خـۆیەوه وتی: ئاخـر نەگبەتی شانی گرتبووم!!

*** له گۆڤاریی رامان – ژ «٢٠»دا بلاوكراوەتەوه.**

# توانەوە

دایکەکە زۆرپەرێشان بوو، دکتۆرەکان پێیان گوتووە، ئەگەر بێت و برشێتەوە... ئەنجامەکەی باش نابێ. دوورنییە دوا تروسکەی ژیانی لەم خاڵە کۆتایی پێ بێت، هەژارە ئەوەی لەم دونیایەی شک دەبرد، لە سای سەری ئەوی دانا، تەنانەت سێبەری سەر سەری منداڵەکانیشی هەرزان فرۆش کرد.

داد لەدەست ئەم قوڕ بەسەرییە.. کچێک ئەمە بۆ حەوت ساڵ دەچێ لەسەر خوێن تێکردن بژی! چەند ئەستەمە!

چۆن بوومە سەری سۆدران، کەس منداڵی نەبوو منی سەربەهەش نەبێت!!

ئێستا نەبا وەختە بڵێم خۆزگە هەرنەبایە.. دەترسم لەدینیش وەرگەڕێم!! خودایە بەناشوکری نەبێت.. بەکافرم نەنووسی تۆبە خودایە تۆبە.. پەشیمانم..

رەنگی تەواو زەردبووە، دەڵێی پەلکە پیازی گوشراوە.. زۆر دەترسێ.. چاوی لەم دونیا رووناکە دەمامک دراوەیە.

– ئەمڕۆ، رۆژی سەردانی نەخۆشخانەکان بوو. کەوتمەڕێ، تا لەنزیکەوە پرسیاری دەردی گران و کوشندەی کچە ناسیاوەکەمان بکەم. لەدەرگای قاوشەکە چوومە ژوورەوە، دایکەکە لەتەنیشت



چوارپای کچەکەی رەق راوەستابوو. دەستم بۆ درێژکرد دەستی لەناو دەستم نا، کەچی دەستی دایکەکە لەبن هەنگڵیرا لێبۆوەو، لەگەڵ دەستم هات. زۆر شڵەژام.. تێک چووم.. ئەوەندەی نەمابوو ببوورێمەوە. چاوەکانم لەمۆلەق وەستان.

بەخەجاڵەتییەوە پرسیم: ئەمە بۆ؟!

دایکەکە گوتی: خەتای تۆ نییە مەترسە هەموو گیان و جەستەم سووتاوە.. دەزی دەزی بووە، گوێ مەدێ.. ئێی.. هێی، لەمە زیاتر دەستم لێ مەدە.. رێک کەوتین، ئیتر لێی نەچوومە پێش، ئەوکاتە کچەکەی خەوتبوو. ئاگای لەم کەین و بەینە نەبوو.

– ئومێدبڕای مەبە بەتەمای خوای.. دەزانم تۆ مەعنەتکێش و خۆڕاگری.

– بەئەسپایی سەری لەبن گوێچکەم نا، تێنەگەیشتم، لەبەر بەخەبەر هاتنی کچەکەی بوو، یان نەک خەڵک و نەخۆشەکانی دەورو بەرمان لە مەسەلەکە بگەن. بەهێمنی گوتی: ناوێرم.. نا! ئەها نەتدتوە، تەنانەت ناتوانم دەست لە چاوەکانیشم بدەم، دەترسم دەرپەڕنە دەرەوەو لەدەستم راکەن.. ئیتر نەگەڕێنەوە ئەوسا نابیناش بمێنمەوە!

– ئەی ئێستا؟! خودایە.. چ لەم دەستەت بکەم؟!

بەنائومێدییەوە گوتی: باپێت بڵێم: ئێستا من چاوەڕێم، تا بەو یاسایەی پێی هاتوومەتە ئەم ماڵەی پڕ لەگەرداوو گەڕەلاوژەی شەڕو ئاشووب و پاشا گەردانییە، هەموویان بەجێ بێڵم، دەگەڕێمەوە بۆ ماڵی ئەولا. ساڵگارێکە قامچی ئازارەکان بەگیانی منەوە دەچزێن.

سەیرکە کچەکەشم هەر لەجێی خوێنی دەبێ بەئاو.. نازانم ئەم گەردوونە رقی چیی لەمنە؟! دەڵێی باوککوشتەو خوێن خۆری ئەوم. نازانم ئەم کول و کەسەرەی دەیچێژم سزای چ تاوانێکە؟! کەوتوومەتە ناو زەلکاوی چ گوناهێکەوە؟! چڵپاوی چ بەر بادییەکە بەڕۆحی منەوە پرژا؟!

– چڕنووکی ئازارەکان وەک قولابی ماسیگرە لەمێشکم گیردەبن.. هەڕەشەی ژیان هەراسانیان کردووم!! پێستی شان و ئەژنۆم لەبەر بەرداشی ئەم رۆژگارە بەددڵە داماڵاوە. ئەمە حاڵ نییە نەژیانەو نەمردنە.

رۆژگار زۆر بێ رەحمانە ئازاری ئەم کڵۆڵەی دەدا، هەر لە نینۆکەکانی پەنجەی پێیەوە تا بچووکترین تاڵە قژە بەخەم سپی بووەکانی برینن، ئاخ پەروەردگاری گشت بین!! گوزەرانی خەڵکی ئەم سەرزەمینە چ هاوکێشەیەکی لاسەنگە!!

وای بۆ ئەم ئادەمییەی.. ئەم جارەش ئەم دایکەی بەر رێژنە بارانی کەوتن و هەستانەوە، لەم بەدبەختییە رزگاربکات!! نەهێڵێ رەنجی چەندساڵەی بەخەسار بڕوات لەدوا هەنگاوی لەوێستگەی ئەم گەردوونە سپڵەیە لەم جیهانە دڵ بەردە لەمە زیاتر هەستی بریندار نەبێت.

ئەگەر کچەکەم بەئاگاهات دەستەکەمی بدێ. ئەمانەتت دەستەکەم و کچەکەم بێت.

ماڵئاوااااااا ماڵئاوااااااا.

دایکەکە هەموو جەستەی بوو بەخۆڵەمێشێکی وشک و لە



شوێنەکەی خۆی توایەوە. بەرچاوم رەش هەڵگەڕا، ژوورەکە تەواو تاریک داهات، ئەوەندەم دیت ژوورەکە بوو بەچاڵێکی بێ بن، لەبیرێکی چل بەژنی دەچوو، لەناکاو گەردەلوولەیەکی تیژهات، خۆڵەمێشەکەی لەگەڵ خۆی گەڕاپێچە داو کەوتە ناو بنکی چاڵەکە، شەپۆلەکانی دەنگی پچڕاو بەتەواوی نقوم بوو.

بروسکەی ترسێکی زۆر گەورە، لە ناخم چەخماخەی دا، لەحەژمەتان، لە هۆش خۆم چووم. کە بەئاگاهاتمەوە، ژوورەکەمان بەچەند پارچە راستەهێڵێکی تەریبی زەردباو، کە لەپەنجەرەکەوە دەهاتنە ژوورەوە، رووناک ببۆوە سەریەشەیەکی گرانیش پێڵووی چاوی قورس کردبووم. سەیری رەنگی کچەکەشم کرد، کەلەولاتر راکشابوو، رەنگی کەمێک خۆشتربوو.

*** لە گۆڤاری دەنگی ئافرەت – ژ. «١٥»دا بڵاوکراوەتەوە.**

# گومان

بەفر قژی سپی و تەزیوی بەسەرشانی شارو شەقامە دڵهەرزن هەرزنەکاندا هێنابوو.

شاری پڕ گوناه و تۆبە شکێن لەژێر رنووی بەفرەکە یەک پارچە لە مردوویەکی کفن بەباڵا براو دەچوو، شەقامە دەم قرمساوەکان لەژێر باڵی بەفرو کۆڵی قورسی خەمە خەفەکراوەکان، پێیە سڕبووە دەستندەکانیان دەگەستم، زمانەکەم لەسەرمان تەتەڵەی بوو.

بەهەڵەداوان کەوتمەڕێ، خۆم گەیاندە کاولە گەراجەکە، چاوم بەسێ چوار زەلامی دەمامکدار کەوت، لەژێر کەپرۆکەکە کورژەیان کردبوو، کەپرۆکە دەتگوت کەوتۆتە بەر رقی پشت ئەستووری ئەم رۆژگارە کفت و کەنەفتەی کە هەموو رۆژێ قابیلێک داوێن گیری گوناهێکی جادوویی بەد دەبێت، جەنگیز خانێکی تەتەریش بەچەقۆی ترس تیرێژەکانی خۆر لەبنڕادەبڕێت،شێخی سەنعانێک بۆ سەر تەمێ ساتمە دەکات و دەکەوێت، کەپرۆکەش وەک منداڵێکی رووت و رەجاڵ، لەسەر سنگی ئەم ئاخە بێ نازو لاچەپە پیرو خەڕۆیە، لەسەر چوارپەلی سەرما بردەڵەی وەستابوو.

سێ چوار پیاوەکە لەدەوری ئاگرەکە کۆببوونەوە، ئاگری داربەڕوو قرچ و هۆڕ دەسووتا، پریشکی ئاگر لەم رۆژە ساردو سڕەی سەرما



رەگاژۆیە، خەڵاتێکی خوایانەبوو.

گەیشتمە لایان و سڵاوم لێ کردن (کاکینە کامەتان دەڕۆن؟)
یەکیان گوتی:

سڕەی کاک هیوایە،

هیوا گوتی:

براله سڕەی منە، وەرە دانیشە، خۆت گەرم بکەوە، کەلوە بەفرەکان لەخۆت دارنە، بەڵکو دووسێ نەفەری تربێن، ئێی. هێی!!

ماشەڵڵا لەم بەفرە؛ بەخوا ئیمڕۆ رۆژی ئیش کردن نییە، بەس بڵێم چی؟!

هیوا بەزەردەخەنەیەکەوە (براله چی بێ لەتۆ نهێنی بەخوا پێم خۆشە لەبەر گەرمایی گڕی ئەم ئاگرە هەڵنەستم).

منیش ئۆقرەم لەبەربڕابوو، تاڵێ رۆحە ئاژن ئاژنە ئازار چەشتەکەم، لەنێو جەستەم، ئەو جەستەیە راڕایی و سەرمەدییەی ناخم، لە بازنەی مێشکم تێپەڕبوون.. ویژدان وەک حەزێکی ژان گرتوو میحنەت کێش لەناو گلۆڵەی مێشکی جەنجاڵم، کرم ئاسا مێشکم دەگەزێ و دواتریش حەزیا ئاسا جەستەم ژەهراوی دەکات و بەهەموو گیانما دەتەنێتەوە لەناکاو لەکۆڵانەکەی بەرامبەرمان، سێ ژنی عەباڕەش، کە لەسێ دەنکەمووری رەشی ناو تەسبیحێکی سپی دەچوون، بەدیارکەوتن، رەوت و رۆیشتنیان لە جوولانەوەی سەمای فریشتە دەچوون.. لەناوخاکێکی بەگوناە شۆردراوە بەرەو روومان دەهاتن، تەپڵی سەرو هەردوو سەر پیلیان سپی ببوو، کونە لووت ودەمیان بەعەبایەکانیان پێچابوو، بەفرەکە بەرە بەرە هێوربۆوە، هاتنی ئەم سێ

ئافرەتە موژدەدەری خێربوو، بۆمنی قورسەباری پەشیمانی و پەتیارەی تاوان و شەرمەزاری.

هیوا ئەڵڵایەکی بۆ کردو منیش لەتەنیشتییەوەو سێ ئافرەتەکەش لەدواوە دانیشتن.

سەیرێکی سەعاتەکەم کرد.. دڵە خۆ خواردییەکەشم بەپرسیاران سەرزەنشتی دەکردم، ئاخۆ دەبێ مردووی ئەمانە بەچ کارەساتێکی دڵتاوێن مردبێ؟؟.. دەبێ بەرێساو بنەماکانی ئەم گەردوونە مردبێ؟! (ئاخ خودای گشت بین).

یاخود وەک مردووە خێر نەدیوەکەی من بەناهەق لەناو برابێت.. بیرم تەواو تێکچڕژا، سۆزی ئیمڕۆ بۆ دوێنێی لەدەست چوو و دۆڕاو بێ سوودە، مەحاڵە.. تا ئەو ڕۆژەی پەتی گوناە دەمخنکێنێ شەقامەکەش هێدی. هێدی لەبەرچاوە پڕ فرمێسکە سووتێنەرەکەم گلۆردەبۆوە، لە ئاوێنەی ناو ئۆتۆمبیلەکەش گرێشمەی نێو چاوانم، گەڤاهی تاوانە قڕێژاوییەکان وەک لەکەی ناپاکی دیاربوو. ئۆتۆمبیلەکەش لەسەر ڕێگایەکە گلۆڵە بەنی ڕێسراو ئاسا گلۆربۆوە.

*** لەبرایەتی ئەدەب و هونەر- ژ «٨٤»ی ساڵی ١٩٩٨دا بڵاوکراوەتەوە**

# نووسراوی ناو دەفتەرە شڕەکە

ئەو هەناسەیەی کە هەڵت کێشا ، دەتگوت کزەبایەکی بەرەبەیانیان بوو ، بەسەر گۆمێکی شەختە بەستوودا تێپەڕی. بەدەستە ڕاست؛ دەفتەرە شڕەکەت؛ بە بەرۆک و سنگتەوە نووساندبوو ، هیچ هێزێک نەبوو لەم دونیایە ، بتوانێ ئەم دەفتەرەت لەباوەش دەربێنێت.

دەستی چەپیشت وەک کۆڵەگەیەکی پشتە ستووری بەرخانووی نزیکە داڕووخاوی ماڵە هەژارێک، بەژێر چەناگەتەوە نووساندبوو لەناکاو دەنگی دایکت ڕایچڵەکاندی.

–دڵگیر بەقوربان بەسە ئیتر، ئەم دەفتەرە دانێ تاکەی وابە بەرۆک و سنگتەوە نووساندووە؟!

– دایە گیان تکات لێ دەکەم وازم لێ بێنە.

– ئێ کچم چی بکەین.. خوا کردەنی کۆش بەتاڵ مایەوە. ئاخر چ دەسەڵاتمان هەیە؟!

(ئای چەند خەجاڵەت بووی، کە بەتووڕەییەوە هاوارت کرد..)

– دایە نا ئەمە کاری خودای نەبوو.. بەڵکو کاری فرزەندە ئادەمییەکەتن کردەکانی دەمامکدراو بەدەمامکی شەیتان و دەستێکی دەست وەشێنی چەمبەری بوو.

– رۆڵە ئاخر ئەم مات و مەلوولییە دادت نادات.. دەتۆ تەماشای



ئاوێنەکە بکە. توخوا سەیری خۆت بکە.. ببینە چۆن رەشەبای وەڕسی گەڕاپێچەی دای؟ کچێ رۆڵە حەیف و مخابن چۆن بێزاری زەفەری پێ بردی!! تۆش سەرت بەرزکردەوە و بەتیلی چاوی سەیرێکی ئاوێنەکەی بەرامبەرت کرد.. رەنگی زەردی خۆت دیت.. بەم دیمەنە چەند دڵگران و ، قەلس بووی..

بەدڵ توندییەوە سەرت لەخۆت و لەدایکت بادا.

– ئۆ وەی دایە دەتۆ واز لەم قسانە بێنە!!

لەوساتی پاڵتۆیە ئاودامێنەکەم لەبەرکرد.. قۆپچەکانم تا بنگەردەن داخست.. لێچەگەکەم دەمامک دا.. دەستم لەناو گیرفانم دانا ، قامکی پەنجەکانم بەجۆرێ دەگوشی ئەگەر بۆمبکرایە ، قەهرو جەفتاوی ئەم کەسەرەم لەگەڵ و وردوخاش دەکرد ، چاوە نەسرەوتەکانم لەگەڵ دڵە رفۆکەکەم بە تالووکەوە بەساڵگاری تەمەنی ژوورەکەم.. ئەو ژوورەی کە شوێنەوارو ئاسەواری زۆربەی ساڵەکانی تەمەنم بوو.. گێڕا.

دڵە راڕایە کەیلە هەرەس هێناوەکەم.. مجرۆیانە پەلکێش کرد.. کەودەری ئاسا گیرۆدەی دوورە سەفەرێکی کت و پڕبووم..

نیگای زۆپە دارینەکەم دا.. دار بەڕووە دۆش داماوەکانم بینی بەنەزاکەتەوە چرک و هۆڕ دەلەرزین.. دواتریش قرچ قرچ قرچ دەسووتان.. پریشک و ئاورنگی ئاگرەکەی ناو کوورەی هەناوی زۆپەکە لە شایلۆغان و شەهوەتێکی ئیفلیجی دۆزەخێکی ماندوو هیلاکی بێ سەرو بن.. بێ سەرەتاو کۆتایی دەچوو کەوا چەند ساڵێک بێ باری مرۆڤە گوناهکارەکان بسووتێنێ و سزایەکی بێبەزەییانەی ئەبەدییان بدات.

بیرت رۆیی.. سەرەتا گوتت واباشە بڕۆم و سەرم هەڵگرم روو کە جیای قافێ بکەم و بیکە مەتاخسکەی بیری تۆراوم قوللەی قافێش دەکەمەوە خانۆچکەیەک و تیایدا هەڵدەقونجێم. ئەم جارە لە شوێنەکەی خۆت دانیشتی، دەستەکانت هەڵگلۆفی.. بەددانەکانت دوو سێ جار لەسەریەک لێوت گەست..

دیسان لەچاو نووقانێکدا خەیاڵت تەکانی بەدڵی داخورپاوت دا، یەکسەر بۆ سنووری تورکیاو یۆنان.. نا نا ئاخر چۆن دەبێ پێستی هەڵقرچاوو تۆزو گەردی سەرشانی غەریبیم بدەمە دەم ماسییە برسییەکانی دەریا..

خودایە ئەو بیرانە چین؟! من هەرگیز لەگەڵ ئەم خەیاڵاتانەدا نیم!! ئەوە چییە دەڵێی ماشەرە خەمێکی تێکچرژاوو ئاڵۆسکاوی بەزریکە زریک گلۆرە دەکەم؟ بۆ وا ئازارم دەدەن؟!

ئەم جارە لە شوێنەکەی خۆت راست بوویەوەو.. ملت سووڕاندەوەو رووت لەدایکت کرد..

- دایە حەز دەکەم بزانی.. بەتەمای سەفەرێکی دوورە رێم توخوا (گەردنم ئازادکە)..

- دیارە کچم بەتەمای بڕۆی؟!

- دڵگیر نەختێ بێدەنگ بوو... ئینجا لەبن لێوان گوتی:

بەڵێ

- بەداخەوە کچم!!

- بۆ؟! دایە بۆ؟!

- چۆن بۆ کچم؟! چاک بزانە ئەگەر بڕۆی.. یانی خەم دەرەقەتت



هات و چۆکی پێ دادای.

- ئاخر دایە تۆ نازانی،من هیچ بنەپنچکێکم نەما لەم سەر زەوییە خۆمی پێوە بگرم.. هەرچەندە بۆ خۆشم نازانم سەری سیاچارەم بۆ کوێ هەڵدەگرم.. روو لەکوێ دەکەم.. لەکوێ دەگیرسێمەوە!! ئەوەندە دەزانم... بەرەو چارەنووسێکی نادیار دەڕۆم.. لێم گەڕێ بابڕۆم و لەناو ئەم زیندانی رۆحە رزگارم بێت!!

هەتا ئەگەر ئەم رۆیشتنە چوونە دەرەوە بێ لەم دونیایە.. بەڵکو دەستم بەدونیایەک رابگات.. هەق تێیدا سەر نەبڕدرێ، هەرچەندە لەمەشدا بەگومانم.. دایە بەدبین نیم، بەڵام بەگومانم!!

- دەزانم کچم دەزانم، بەڵام دەڵێی چی؟! رۆیشتن هیچ لەمەسەلەکان ناگۆڕێ.. بەپێچەوانەوە.. رۆیشتن واتە هەڵاتن هەڵاتنیش پیشەی مرۆڤی بێدەسەڵات و دۆڕاوە.

(دڵگیر کەمێک خاو بۆوەو لە شوێنەکەی خۆی دانیشت.. بەقسەکانی دایکیدا چۆوە).

ئەم جارە بەهێمنی گوتت.

- دایە بڵێی و نەڵێی تازە هەر دۆڕاوم... دوایێ تۆ نازانی ئەم ساڵانە چەندم شەونخوونی کێشا!!

- دەزانم کچم دەزانم، چۆن نازانم!

- دایە باوەڕم بەهیچ شتێ نەماوە.. رقم لە هەموو کەسێکە، بێهزییش خەریکە هەموو گیانم دەتەنێ و دەمخوات!!

شەو تا بەیان داسی دەستم لەکەوارەی بێشکەکەی نەدەکردەوە.. ئەو کەوارەیەی دەتگوت لەبەر دۆژی ئەم ژیانە سەختە کورژەکەی

کردبوو. ڕۆژانەش لەبەیانی تائێوارە بەدەندەرۆشکی سنگمەوە دەنووساند، لە بەختی من ئەو هەرێمە زۆربەی وەرزەکانی تێدا بەفرو کرێوە بوو. لافاو وەک دێو دەیگرماندو دەیلووشاند.. ئەوەی زۆر خۆڕاگر نەبوایە دەبووە پارووێکی بەلەزەتی تۆفان و لافاو ڕۆژووی خۆی پێ دەشکاند..

دایە، کێ بەقەدەر من ڕەنجی دا؟!

ئەو ڕۆژانە کەلەکی هەناو بەقیرِ سواخدراوم هەبوو. کە پێشەنگی ئافاتەکەم دەکرد.. چەند ناقولآیانە بەگەمی یان کەلەک.. سایلی خەڵکەکە بەپەلە پرووزێ و جەربەزەییانە خۆم و کۆرپەکەم لەلافاوەکە ڕزگار دەکرد.

(دڵگیر سەری لەدایکی بەرزکردەوەو نیگای بڕییە ڕوخساری دایکی.. سەیری لۆچی دەست و دەم و چاوی کرد.. لەگەڵ کراسە حەوت مەترییە دامەن و باخەڵەیە ڕەشەکەی لێک نەدەکرانەوە) ئەدی پیرە داربەڕووی سەر تۆپەڵەی گردەکە.. ئاه.. کە دەتزانی.. چ پشت و پەنایەک و پێیزەیەکی باش بوو بۆمان.. هەموو جارێ تا تۆفان شەکەت دەبوو لافاو دەنیشتەوە.. ئینجا یاغر یاغر دەگەڕامەوە، خۆم دەخزاندە ژوورەکەم، ئەو ژوورەی تەنها قەلەوێرەیەکی قاچ شکاوو مێزێک کە قەڵەمێک و شڕە دەفتەرێکی لەسەربوو.. لەناو ئەم دەفتەرە هەموو شتێکم ڕۆژانە هەفتانە مانگانە ساڵانە تێیدا دەنووسی.. ئەو دەفتەرەی تاکە سێبووری و هاودەمم بوو لەدوای کۆرپەکەم.. کە وەک ماتماتیک زانێک هەولّم دەدا حیسابەکانم لێکدەدایەوەو وەک کیما گەرێکیش هاوکێشەکانم دادەنا..



هاوهێزییەکانی گوزەرانم تێدا هاوسەنگ دەکرد.. کەچی بەداخەوە ئەوەندەی هەولّمداودا هەرگیزاو هەرگیز بۆم هاوسەنگ نەکراو هەر بەلاسەنگی مایەوە

-کچێ کچم ئاگاداربووم. ئاگاداری هەموو ڕەنج و تەقەلایەکت بووم، بەڵام چی بکەین لەگەڵ ڕەنجی بابردوو!!

(دڵگیر وەک شێتێکی ژان گرتوو.. بەدەوری خۆیداو لەبەردەم دایکیدا خولی دەخواردەوە، لەهاڕژنی گریانێکی زەلیلانەی دەدا، هاواری دەکرد، نەیدەزانی چی دەڵێ، چی دەکات، دیسان ڕووی لە دایکی کردەوەو لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو).

– ئەم سەر لەبەیانیە هێشتا خێرو شەڕ بەش نەکرابوو، نازانم چۆن و بۆ هێزی خێرو هێزی شەڕ بەرانگژی یەک بوون؟! لافاو سوپای خۆی گردکردەوە.. دەستی نەفرەت لێکراوی هات بەگژ دوو گیانی سەرما بردەڵە، بەم جۆرە، لافاو نەنیشتەوە لەژێر پیرەدار مامەوە، دەستەکانم لە سەرمان چووبوون و کۆرپەکەم پێنەدەگیرا، چرقە چرقی ددانەکانم لرفە لرفی لێوە تەزیوەکانم ڕۆژە ڕێیەک دەڕۆیشت.. لەرزێکی کەسەردار هەناوی داگیر کردبووم.. ناچار منداڵەکەم لەژێر دارەکە دانا.. بەهەڵە داوان هەندێک چیلکەداری وشکم دۆزییەوە لەگەڵ چەند پەلە دارێک، قۆرتێکم هەڵکەند چەند بەردێکم لێکردە پەسارگە.. کوچاگرەکە بلێسەی ئاگری لێهەڵسا لەبەر گڕی ئاگرەکە درەوشاینەوە.. هەموو شانەکانی جەستەم خاوبوونەوە کۆرپەکەم بەبەرۆکمەوە توند کرد پشتم بەدارەکەدا.. هێدی هێدی خەو بردمیەوەو بەلایدا بردم..

تەواو کەلەلابووم، لەناکاو چەقە لوورەی گورگێک، لەگەڵ هاژە هاژوهاش و هووشی رووبار.. وەک زریکەی عەزیایەک رایانچڵەکاندم.. کەڕاجفریم، ئاگردانەکە خەریک بوو دەکوژایەوە بەفووتێکردن پەلەدارەکانی ناو کوچاگرەکە.. گڕی ئاگریان لێبەرز بۆوە.. منیش لەگەڵ ئەم ئاگرە، باریکە رۆحێک هاتەوە بەگیان و جەستەمدا.. هێندەی تر کۆرپەکەم بەسنگمەوە نووساند.. چۆکم توند توند بەسنگمەوە قایم کرد. گورگ بەلووره لوور نزیک بۆوە.. گوێی مووچ کردەوە.. چەپۆکی لەزەوی گیرکرد.

منیش بەترس و لەرزەوە پەلەدارێکی بەئاگرم راوەشاندێ.. خوداکردی پەلی پێشەوەی ئاگری گرت.. گورگ نووسکاوە.. لووراندی لەترسی ئێشی جەستە و پێستی هەڵکروو زاوی بەلووره لوور رایکردو ئیتر نەگەڕایەوە.

بەڵێ دایە.. بەم جۆرە رزگارمان بوو، کەچی مخابن رۆژێک پیرەدار دەتگوت کەوتۆتە بەر رقی گەورەی میللەتێک، ئاوا کەوتە بەر شالاوی رەشەبایەکی یاخی و تووڕەو تووش.. رەشەبا دارو بەردی لەشوێنی خۆی نەدەهێشت، هەڕەشەی لە هەموو بوونەوەرێکی سەر رووی ئەم زەمینە دەکرد.

لێرە لەم شارە.. نازانم بۆچی تەرازووی خێرو شەڕ بەم جۆرە لاسەنگ بوو؟!

دڵی پڕ بەزەیی و میهرەبانی پیرەدار هەڵکەندرا.

ناچار کەلوپەلەکانم کۆکردەوە.. رووم لە هەرێمێکی تر کرد.. دایە ئێ من چی لەدابونەریتی ئەم شوێنە بزانم!! نابەخودای دایە من هیچم



لەبارەی ئەم شوێنە نەدەزانی!!.

ئەگەر بمزانیایە چۆن رووم لەو هەرێمە سەربەخمە کوێربوویەوە دەکرد!! من دەزانم دەستەکانم گوناهکاربوون گوناهی خۆم بوو!! بۆیە ئەوەی من بکوژێ دەستی سەوز دەبێ، ساڵ هات و ساڵ رۆی کۆرپەکەم خەریک بوو بەتەواوی زمانی دەگرت، پێی لەزەوی گیر دەکرد.

لەدوا وێستگەی ئەم تەقەلایەدا بووم، پێگەیشتنی ئەم کۆرپەیە بۆمن لەدوای خاک و وڵات و زێد، هەموو شتێک بوو هەموو شتێک.

- کچم ئیتر بەسە بەزەییت بەمن بێتەوە.. منیش دایکم دایک!!

- دایکە بمبەخشە دەزانم تۆش دایکی، بەڵام دایکە دەزانم، ئێ تۆ نازانی بەناهەق سەربڕینی تاقانە کۆرپەیەک لەدارەتی دونیادا، چ تاوانێکی مەزنە؟! چەند زەحمەتە؟! بۆمن وێرانبوونی جیهانێکە!! رووخانە دارمانە بەرەو قووڵایی ناخی زەوی، کۆتایی هاتنی ژیانە!!

- دەزانم کچم دەزانم!! بەڵام بیکە لەڕاهی خودا پێ لەکەری شەیتان بێنە خوارەوە، تۆ بەم سەفەرە خۆشت و منیش زیاتر تووشی سەرگەردانی دەکەی!!

(دڵگیر چاوی بەجۆرێک بڕبووە چاوەکانی دایکی، قولابی برژانگەکانیان لەیەک گیربوون.. فرمێسکەکانی دایکی، کاری تێکرد.. لەگەڵ تێکڕایساڵەکانی رەنجی بەخەساری.. رەنجی دایکی هاتەوە بەرچاو وەک فیلمێکی سەر شاشەکان، لەناو فرمێسکەکانی شاری خوا چۆڵکردووی خۆی، فرمێسکەکانی ماندوو بوونی چەند ساڵەی دایکی، وەک ماسی گرێکی دەم رووبارێک بۆ راوەماسی بۆ

بژێوی خۆی و خێزانەکەی کەوتە بەرچاو.. لەگەڵ تەقینەوەو سەرکردنی شەپۆلەکانی چاوی دایکی و جۆگەلەی فرمێسکەکانی بەسەر پێدەشتی روومەتە هەڵقرچاوەکەی و دڵە ماندووە داخ بووەکەی.. تەواو گۆڕاو.. سۆزی دایکایەتی دایکی تێکەڵ بەسۆزی دایکایەتیی خۆی بووە هەنگاوەکانی شل بوون ئەژنۆی شکاند.. لەشوێنەکەی خۆیدا راست دانیشت، بەناچاری دەفتەرە شڕەکەی لەسنگی کردەوەو پێچایەوە بڕیاریشیدا سەفەرەکە نەکات. بەزەردەخەنەیەک توێژاڵی ئەم خەم و گوناهەی لەروخساری تواندەوە.

*** ئەم چیرۆکە بەناتەواوی و نیوەچڵی لە گۆڤاری کاروان ژ «١٥١» لە ساڵی «٢٠٠١» بڵاوکرایەتەوە.**

# گڵکۆی مردووی زیندوو

ئازاد خەریکی لادانی خۆڵی گۆڕەکە بوو، سەرەتا ئەوبەرو ئەم بەری ڕێگاکە تا نزیک سنوور، چۆڵەوانییەکی کەم وێنە بوو، بۆنی خوێنی لێ دەهات، کاتێک کە ئەم هەرێمە بەزۆر چۆڵکرا، دەم ڕێگاکان تا سەرسنوور پڕبوون لەگڵکۆی مردووی زیندوو و زیندووی مردوو.

تۆش خۆت پێ نەگیرا، بەدیارییەوە سڵەمیتەوە، دەنگت دا.

– هۆی کابرا.. ئەوە شێت بووی؟! ئەم کارە نەکارە دەکەی؟! لەخوا ناترسی؟! ئەم گۆڕە هەڵدەکەنی، هەی بێ ئیمانی خوانەناس!

ئازادم سەرێکی لێ بەرزکردەوەو بە دەستەکانیشی چنگە پڕەی بوو، زووتر خۆڵەکە لادات، لەبەر خۆیەوە گوتی:

– کاکە دەڵێی خەڵکی ئەم هەرێمە نیت؟

– نەخێر براله، خەڵکی ئەودیوم.

– ئەم بەروئەوبەری ئەم ڕێگایەت دیوە، تا سەر سنوور ماوەیەک لەمەوبەر چۆڵەوانی بوو، جگە لەخاکێکی بەمین چێنراو هیچی تری لێ نەبوو، تەنانەت ئێسک و پرووسکی مردووشی بەدەگمەن لێ بوو، تۆش بەسەرسووڕمانەوە، سەرت بۆ لەقاندو گوتت:



ئەی ئەم هەموو، گۆڕستانە لەودەم ڕێگایە چییە؟ سەیرکە ئەو هەموو گۆڕە!

هەرکە ئەو گۆڕانەم دی گوتم دەبێ ئەو هەرێمە تووشی پەنایەک هاتبێ، ئەم خەڵکە زۆرەیان لێ مردبێ.

– براگیان منیش کوڕپەیەکی خوێن گەرمم بەشانییەوەبوو، نەمردبوو، بەڵام سایلی زیندووە مردووەکانی گەلەکەم، گۆڕێکی بێ ئەلحەدم هەڵکەندوو ڕێک ناشتم.

– ئەی دوایێ؟

– ڕۆژە هات و ڕۆژ ڕۆیشت، منیش گەیشتمە سەرسنوور، چەندی کردم و کارام، غیرەتم قەبووڵی نەکرد، سنوور ببڕم و ماڵئاوایی لەزێد و ڕەچەڵەکەکەم بکەم، ویژدان وەک حەزیایەکی هار دەیگەستم کە پێم لەسەر سنووری پەڕینەوە دادەنا، هەستم دەکرد، ترسی گوناهێکی گەورە چەقۆ ئاسا ناخم لەت دەکات،دەمخواست لەگەڵ ئێش و ئازاری گەل و خاکە خێر نەدیوو جەزرەبەدراوەکەم بژیم، بەئاووهەوای ئەوانە ڕاهاتووم، بۆیە لەسەر سنوور بۆ باوەشی سۆزاوی دایکم گەڕامەوە بڕیارم دا، دەبێ چارەنووسی منیش لەگەڵ چارەنووسی ئەوان بێ، ئەمەش گۆڕی کوڕپەکەمە کە چەندین ساڵ بوو بەشانمەوەبوو، هێشتا زیندووەو هاوارم بۆ دەکات، پێم دەڵێت:

– باوکە من بەشانی تۆوە سەربەرزم نەکەی بڕۆی.

هەست ڕاگرە، تۆ گوێت لەدەنگی ئەو نییە؟!

– نەخێر کاکە من هەستی پێ ناکەم! (کابرا گوێی قولاغ دەبێ، هەست ڕادەگرێ)

- ئەی بۆچی مـن لەسـەر سنـوور گـوێم لەهاواری بـوو بـۆبە بەدەنگییەوە هاتم گوێ راگرە بزانە وادەڵێ.

نەکـەی بڕۆی، ئەگـەر تۆ بڕۆی، جـێگای مـن چوونە خـوارەوەو رۆچوونە بەناخی زەویداون بوونی تۆ، ون بوونی من، ون بوونی هەموو شتە پیرۆزەکانە

تۆش ئافەرینت بۆ کردو، لەگەڵ ئەو هەنگژایە لادانی گڵەکەی سەر گۆڕەکە.

*** لە برایەتی ئەدەب و هونەر- ژ «٧٠»یساڵی ١٩٩٨دا بلاوکراوەتەوە.**

# ترس و ساڵی تەزرە کوتای گەورە

سەرەتای ئەم زستانە پەڵەی درەنگدا.. ئێمەی گوندنشینیش زۆر شپرزە بووین، چەند جار لەمزگەوت نوێژی بارانەمان دابەستا کەوتینە پاڕانەوەو نزا.. ئەوەبوو باران باری، ئاسمانی ئەم ئاقارە چاوی پڕ گریانی لێکنا، هەر دەتگوت دەرگای کوندە کراوەتەوە، خێرو بەرەکەتێکی زۆر باری، گەنم و جۆ یەک رۆژەیان لێ بوو بەدوو رۆژە، پاشان بەهارێکی سەرگەرم و بێ سەرحەدەو ئارام بەخش هات.

گەنم و جۆ فەریک بوون.. شیرو زاتیان تێزا، هەموو لە خۆشییان شاگەشکە بووین، چاومان بەتەبارە دەکەوت.. سەلاواتمان لێدەدا، هەر ماشەڵڵای پێدەویست.

ئێمەش خەریکی دروست کردنی حەمباڵێکی زل و گەورەبووین.. لە تەنیشت قەمتەرە بەسیوسیوەو شمشیرە زەنگوڵەکە، بزماری فەرەنگی سەرسنگی قەمتەرە بەجۆرێ کوترابوو لەپتەویدا لەشوورەی چینی میللی دەچوو.. چاپوکی و لێزانی و وەستا باشی لێوە دیاربوو. حەمباڵمان دروست کرد، تەنها سواغدان و مارنجی ناوەوەی مابوو، نەریمانی برام لەناو قوڕێکی خەست لەکای کوتراو راوەستابوو، سەرە تاشراوەکەی کە تەنها قاقوڵی هێشتبۆوە دەبریسکایەوە، کورتەک و شەرواڵێکی بەپینە پینەی درشتی لەبەربوو، نوشتەیەک کە لە



فرچاڵێکی سێگۆشە دەچوو، دایکم لەسەر شانی دووری بوو.

باوکم سەیرێکی ئاسمانی کرد، ئاسمان سایەقەی ساماڵ بوو، کوژەکەی ساف و بێگەردی لەتاسێکی زیوینی سەرسەری ژنانی بسک بە لوولی خۆشناوەتی دەچوو. هەرکە پارچە هەورێکیش کۆدەبۆوە برژانگی لێکدەدا، دەنکە بارانەکان لە پلپلەکانی تاس دەچوون، بەسەر شان و ملی زەوی دەهاتنە خوارەوە.

بەم جۆرە سەر لە بەیانییەکی زووبوو.. باوکم کیسە چیتە گوڵ گوڵینە تووتنەکەی لەبەرقەدی پشتێندە ئەنگۆڵەکەی دەرهێنا، پەڕە دەفتەرێکی لێکردەوەو بەزمانی لایەکی پەڕەکەی تەڕکردو ئینجا پێچایەوە، هانی نەریمانی دەدا (دەی نەریمان کوڕم لەباوکتە... قوڕەکە باش تێک وەردە، بەڵکو ژوورەوەی حەمباڵەکە باش مارنج دەین تاکو مشک و جورج پەی پێ نەبەن.. ئیمساڵ ساڵەکەی هاتە، ئینشائەڵڵا هەر گەنم دروەوە دەچمە شارو.. کورتەک و شەرواڵێکی فاسوون.. پشدێنێکی ئاگر باران.. جووتێ پێڵاوی بەقەیتانت بۆ دەکڕم).

باوکم بەردەوام بوو لەسەر قسەکانی، بەس خودا بیهێنێ دەغڵەکەم یەک و بیست دەکات.

نەریمان زۆر هیلاک بوو، لە دڵی خۆیدا گوتی:

(دەڵێم وەکو گێرەی ئۆمەرە کۆری جووتێ ولاخ بێنم تا قوڕەکەم بۆ تێک وەردەن).

کەچی لێوی خۆی کرۆشت و لەدڵی خۆیدا گوتی:

(نانا خۆم ناکەمە گاڵتەجاڕ) لەخۆشییان شانێکی هەڵتەکاند، سەرە قەبۆبەکەی هەڵکڕاند، دەستی بەهەڵگێڕو وەرگێڕی قوڕەکە

کردەوە.

ئەوکاتە دروێنەی جۆکرابوو، هەندێک لەسەر پەرێزێ گیشەکرابوون هەندێکیشیان هێنابوویانەوە سەر جۆخینان.. کرابوونە جۆخینی گەورەو زل، برێ زۆری کوترابوونەوەو رەوسە برکرابوون، بەشێکیشیان لەجەواڵ و خەراران دەمیاندرووی بوو، بەڵام هەرچەندە تەبارەی گەنمان نەدروی بۆوە، لەبەرئەوەی ئێمە باراشمان نەمابوو بۆ بەکوتی.. دووسێ شەغرەمان درویبۆوە هەندێکیشیان هێشتا مەڵۆ سواڵەبوون لەدەستی سەپان و تێلەکێشان باوکم لەپڕ چاوی بە گەواڵە هەورێکی رەش کەوت لەلای بادینان هات و گردبۆوە، رووبەری ئاسمانی دەشتی کەندێناوەی گرتەوە، سامێکی گەورەی لەگەڵ خۆی هێنا، ترسێکی یەکجار مەزن لەبازنەی بیرکردنەوەی هەستمان تێپەڕی و لەناخمان چەکەرەی کرد.

تا دەهات هەورەکە زیاتر دەرِسکا.. ماشەری هۆشمان زیاتر دەئاڵۆسکا توێژاڵی خەمێکی گەورە بەڕووی ژن و پیاوو گەورەو بچووکی دەشتی کەندێناوەی ووروکا، ئێمەی دانیشتوانی دێ سەرە تاتکێمان لەگەڵ خەونەکان دەکرد، ترسێکی گەورەش چۆکی لەسەر سنگی داین باوکم بەبۆڵە بۆڵ لەبەر خۆیەوە گوتی: «ئەم هەورە پێشەنگی هەرەشەیەکی قورمساغانەمان لێدەکات، دەترسم وەکو ساڵی تەزرەکوتای گەورە.. کە دەنکی تەزرە بەقەد کەلا بەردێک بوو» ئاخ.. ئاخێکی هەڵکێشا ئای لە دەردی ئەوێ ساڵێ! چ ماڵداری کەرێکی رەنج بەخەساربووین!! لەکۆتایی ساڵ دەستمان لەکوشکی جەواڵ و خەراران چووە دەرێ.. دەترسم ئەم ساڵیش ریسی



خەونەکانمان لێببێتەوە خوری خودایە بەگەورەیی خۆت بەخێری بگێڕی»

نەریمان هەستی کرد کاتژمێرێک لەمەوبەر باوکم هزری گەلێک فراوان و خۆش نوود بوو.. ئاسۆ روون بوو.. من و دایکیشم هەناسە ساردانە دەستە وەستان و گۆشەگیر، کێشمە کێشمان بوو، چاوەڕێی چارەنووسی خۆمان دەکرد.

باوکما دووبارە بەنائومێدییەوە سەیری نەریمانی کردو گوتی!! بەمەزەندەی من هەورە بۆر کوشکی خەرارو جەواڵانمان پێ هەڵدەتەکێنێ)

دانیشتوانی دێ تێک دەقڕ قژان.. هەناسەمان تەنگ ببوو، لەگەڵ گرژبوونی هەورەکە، دونیایەکە رەش هەڵدەگەڕاو هەناسەشمان تەنگترو تەنگتر دەبو،و تادەهات کوورەی ئومێدمان سارد دەبۆوە.. ئۆقرەمان لەبەر برا.. خەریک بوو دوا دڵۆپی هیوامان چک بکات، ناچار دەستمان بەپاڕانەوەو ناورانەوە کرد.

باوکم هاواری کرد: یا کەعبەی پیرۆز کە تەوافم کردووی بەهانامان وەرە، لە.. رۆژە رەشەمان رزگار بکە دایکم بەدەنگێکی لەرزۆک و بۆ کەینێتە ؟! بەهانامان وەرە..

یەکێکی تر لەم لاوە دەیگوت: «یا شێخ عەبدولکەریمی کەزی زەرد ئەم هەورە بێ ئافات بێت»!!

نەریمانیش لەناو قوڕەکە هاتە دەرێ و گوتی:

(یا شێخی کەربچنە هیممەت و بەرەکەتت حازربێت.. لەم تاڵییە شوومە دەربازمان بکە) ئێمەی گوندنشینەکان بەجۆرێ تۆقی بووین.. پێشبینی تەزرە بارانێکی مجرۆو وێران کارمان لەهەورەکە دەکرد.

تەنانەت پیرو بەساڵدا چووەکانیش.. بەدەست و گۆچانی لەرزۆکیانەوە خۆیان خزاندبووە تارمەی کەپرو هەیوانەکان.. لە حەژمەتان لە هەناوەوە دەهەژان و لەناو قەدەوە پسابوون.

شپرزەی ئامادەباشی سەنگێکی قورسبارو کوڵە مەرگییەکی چاوەڕوان نەکراوبووین.

لەناکاو هەوری شیر پاک دڵی بەخەڵکەکە سووتا.. دڵی نەرم بوو، نزاو پاڕانەوەیانی پەسند کرد.. هەور هێواش هێواش پاشەکشەی کرد، سوپای خۆی کۆکردەوە.. دڵی میهرەبانی لێیدا ئێمەش.. چرکە بەچرکە لەگەڵ ڕۆیشتنی هەورەکە.. هەناسەمان هاتەوە بەر.. هەست و هۆشی تاساومان هاتەوە کەللەی سەری تەواو دڵنیابووین لەڕەوینەوەو ڕۆیشتنی هەورەکە.. ئینجا باوکم بەزەردەخەنەیەکی فریشتانەیەوە سەیری نەریمانی کردو نەریمانیش هەربەهەمان شێوە.

*** لە برایەتی ئەدەب و هونەر ژ «١٤٨»ی ساڵی ١٩٩٩ بلاوکراوەتەوە.**

# ئۆمەرو گورگە بۆر

ڕەهێڵە بارانێکی خەماوی، جەرگبڕ، هێدی هێدی بەسەر کەلەبەری زەوییەکی دڵفڕێن و شەقامە سەنگینەکاندا بەناز دەهاتە خوارێ، کاتژمێر لە چواری ئێوارە نزیک دەبۆوە.. بارانەکەش لەسەماو جووڵانەوە وەستا،

ڕۆژیش لە دوای بارانەکە تیشکەکانی خۆی، وەک چنگە متفەڕکێ بەسەر زەوییە شۆردراوەکە بڵاوکردەوە..

حەوت ڕەنگەکەی پەلکە زێڕینەش، بەجۆرێ مافووری ئاسمانی نەخشاند وەک بووکێکی تاراڕەنگین، بەم جۆرە زەوی و ئاسمان لەگەڵ هەناسەی فێنکی بەهار دەبریسکانەوە گڕ گڕ گڕ.. دەنگی ئۆتۆمبێلە تازە مۆدێلەکە لەبەر ئەستانەی خانوو سێ نهۆمییە ئاوێنەبەندو دیوار مەڕمەڕییەکە، ئیستاپێکی گرت... خاوەن ماڵ لێی هاتە خوارەوە سندووقی ئۆتۆمبێلەکەی کردەوە، شتومەکێکی زۆری کڕی بوو.

لەبەر دەرگا مام ئۆمەری پاسەوانی کەوتە بەرچاو، بەلای لمووزی سلاوێکی لێکرد، مام ئۆمەریش لە شوێنەکەی خۆی عەلێکێکی بۆ دایەوە.. کابرا گوت):

– مام ئۆمەر ئەم شتومەکانە بێنە خوارەوە و بیان هێنە ژوورەوە.

مام ئۆمەر ئەڵڵایەکی پڕ بەسینەی هەڵداو گوتی:



– بەخوا ناتوانم..

(لەسەر کورسییە دارەکە، گرانایی ناوشانی ئەستووری و کورژەکەی پشتی و بازوو و مەچەکی بێ وێنەی هاویشتە سەر دار گۆچانەکەی دەستی، دەتگوت خۆی هاویشتە سەربەختی دارگۆچانەکەی، ئاوا خۆی بەسەردا دا).

– چۆن چما بوویتە چی؟! بەکەیفی خۆتە؟! (کابرا لەمام ئۆمەر نزیک بۆوەو لێی موڕبۆوە).

– بەڵێ بەکەیفی خۆمە.. چونکە ئەمە کاری من نییە.

(کابرا زیاتر خۆی سوورکردەوە)..

– تۆ لەماڵی منی لەسەرتە بیان هێنییە خوارەوە).

(مام ئۆمەر هیچ خۆی نەشێواند، شانی بەربەرداشی ئازارە مەرگ هێنەکانی هەڵتەکاند):

– ڕاستە من لەماڵی تۆم، بەڵام بەدەست پانکردنەوە لەماڵی تۆ نیم، جگە لەمەش من پاسەوانم نەک کارەکەر. ئەگەر هەندێک جاریش ئیشم بۆ کردبن ئەوا لە چاکەو پیاوەتیی خۆم بووە.

(مام ئۆمەر لەسەر کورسییەکە هەڵسایەوە، کابرای خاوەن ماڵیش، چاوە سوورە دەرپەڕیوەکانی زیاتریش لەبەر زۆری خواردنەوە سوور ببوونەوە، زەق کردەوە، لەمام ئۆمەر چووە پێش، وەک فیشەکە شێتە چوو بەگژ مام ئۆمەرو ئینجا بەتەوسەوە گوتی:

– زەرەر دەکەی..

– زەرەری چی؟!

بازاڕی خوای زۆرو فراوانە، من نانێکی بۆ خۆم و خێزانەکەم لێ

پەیدا بکەم.
– مام ئۆمەر چاک بزانە دەرت دەکەم!!
– منیش ئەو نانەم ناوێت بەو حاڵەی، لەخێری ئەو ئیشەی بەم، شەو تا بەیان لەبەر دەرگای جەنابت پاسەوانم، خەوم لەخۆم حەرام کردووە.
(مام ئۆمەر وەک گرمەی گەواڵە بەسەرسەری خاوەن ماڵدا گرماندی، ئەو رقەی کەوا دووساڵە لە دڵی خۆیدا کۆی کردبۆوە لەوکاتە هەڵیڕشت).
– منیش چیتر ئەم ئیشە ناکەم.. ئەو نانەم لەخوداو لەرەنجی شانی خۆم دەوێ. ئێی.. هێی.. راستە دەڵێن (چاکە لەگەڵ ناکەس مەکە) (کابرا زۆر سەری سووڕما! بەسەرزەنشتییەوە):
چ قەحپە بابێک قسەی لەبەرناوی؟
(مام ئۆمەر لۆچی نێو چاوانی زیاتر چوونەوە یەک و گرژبوو).
– قسەی قۆڕمەکە، ئاگات لەبەردەمی خۆت بێ، بەخۆم بێ تواناو پیربوویمە، جگە لەمەش ئەمە ئیشی من نییە!!
(سەرە گۆچانێکی لەکورسییە دارەکە دا، بەسەرزەوییەکە لاری کردەوە، یەکسەری رێی گەڕەکەکەیانی گرت، کە گەیشتە ماڵەوە زۆر نیگەران دیاربوو، زوو هەستت دەکرد کە تووشی گێلەوێژەیەک هاتووە، مەنیجی خێزانی لە نزیک تەباخە نەوتییەکە دانیشتبوو، کۆڵە مستێکی لەدەندەرۆشکی سنگی دا):
– ئەیەڕۆ.. ئۆمەر لەدەوری سەرت گەڕێم، ئەوە خێرە گەڕایەوە؟!
مام ئۆمەر قڕەقڕەکەی بۆ گێڕایەوە، مەنیج دڵنەوایی ئۆمەری کرد!



– بابڕۆن، مەمنوون نەبن نەڕۆیەوە بۆلایان، وایان لێهات؟ بۆچی مانگانەکەی خۆشت تەواو دەدەنێ ئینجا زیادە ئیشیان بۆ بکەی کەس نازانێ کوڕی چ ناکەس بەچەو نارەسەنێکن ئاوا لاف و گەزاف لەسەر ئێمەمانان لێ بدەن!
(مەنیج بەبۆڵەبۆڵ)
– خۆ ئەم مانگانەیەشمان وەرنەگرتووە، دەترسم بیخوات؟!
(ئۆمەر تەواو پەست بوو دەنگی هەڵبڕی)
– کچێ مەنیج ئەوەتۆ دەڵێی چی؟ چۆن دەتوانێت، با پیاوبێت بیخوات، بۆچی چما دنیا شاری بێ حاکم و میرە؟ بەخوا رای دەکێشمە مەحکەمەی فلس بەفلس لێی دەستێنم.
پیاهـ.. پیاهـ.. هەقی من دەخوات وانییە؟ مەگەر ئۆمەر نەبم.
(مەنیج لەسەرەخۆ کەوتە نوازشی)
– ئاخر پیاوەکە ئەوانە زۆردارو زۆڵن. خوانەناسن، دەترسم کابرا زۆر دەست بێت لەمەحکەمەش شێرێک لەوێ بێنێ و رێوییەک لەم لا، ئەنجام تاوانباریشمان بکات).
– نانا مەنیج باوەڕناکەم.. حکوومەتی ئەمڕۆ لەگەڵ هەق و راستیدایە، خەمت نەبێ.
(مەنیج دەستی لەچۆکی کردەوە، دەستی بەژێر چەناگەیەوە نووساند).
– (خوا هەقی بزنی بێ شاخ لەسەر بەبزنی بەشاخ ناهێڵێ) تاخوا سەرمان بدات رزقیشمان دەدات.. ئۆف.. ئۆمەر ئەگەر وەزیفەدار دەبووی، یان دوو سێ کوڕو کچۆڵەی ئەفەندی و دکتۆرمان هەبووایە،

ئاوا وەجاغ کوێر نەبووینایە حاڵمان بەم حاڵە نەدەبوو.

(ئۆمەر هەستی بەنائومێدیی مەنیج کرد، ئەم جارە ئۆمەر دڵی مەنیجی دایەوە).

– کچێ مەنیج ناشوکرییان مەکە، خوا زۆر باشی داوە، چ بەشێک خوا بیدات ئەو باشە من ئەگەر تەمی ساڵەکانی تەمەن بەرچاویان تاریک نەدەکردم! ئاخ خودای گشت بێن:

(دیسان مەنیج بەدەستەکانی ئەژنۆی لەباوەش گرت. لەژێر پێڵووەکانی رووانی لەناکاو پەری خەیاڵ خستییە سەربالی سپی کافووری خۆی، فڕی فڕی.. ساڵانێکی دوورو درێژ فڕی بەبەردەرگای ساڵە دڵ ئاوێزەییەکاندا تێپەڕی، لەناکاو لەبەردەم ماڵێکی یەک ساڵە فەرمووی لێکرد. مەنیج بەهەناسەیەکی گەرمەوە دابەزی ماڵێکی گەرم و گوڕ، بووکێکی یەک ساڵەی زەردو سوور، ئۆمەری لاو مەچەک و بازوو ئەستوورو وریاو زرنگ، شانی بدابایە بەر دیوارێکی مەشکانی دەیڕووخاند، لەچاوی مارو لەنەڕەی شێر نەدەگەڕایەوە).

ئۆمەر شوانی کابرایەکی دەوڵەمەندو خانەدان بوو، سەدو پەنجا سەرمەڕی لەبەرداری بوو، ئای کە بەهارێکی خۆش بوو ئەوساڵە، ئۆمەر تاو لەرزو سێ بەرۆی گرت وای لێهات شنگی لەبەربڕا، گووتییە کابرای خاوەن مەڕو مالات.. من توانام نەماوە، نەخۆشم شوانیم پێ ناکرێ کابرا گوتی:

– ئۆمەر نابێ بەجێم بێڵی، من بەتۆ نەبێت بەکەسی تر دڵم ئاو ناخواتەوە.

ئۆمەر گوتی:



کەواتە شوانێکی تر بگرە بایارمەتیم بدات.

(کابرا بەیانی زوو لەگوندی گەڕا، شوانێکی تری گرت) ئۆمەرو شوانە مەڕیان رادا شەوینێ، روویان لە ئاقاری زورگەزراوی کرد. زورگە زراویش تازێی بادینان راکشابوو، شەو راشکا، ئۆمەر تاو لەرزو سێ بەرۆیەکەی گرتەوەو ناچار بوو بەشوانەکەی گوت:

– من ئیتر ناتوانم بڕۆم، پێیەکانم لەدوام نایێن. لێرە لەبناری زورگەزراوی کەمێک پاڵدەدەمەوە، نەکەی بەجێم بێڵی. ئەگەر دنیابوو رۆیشتی بانگم بکە، منیش سەبر سەبرە دێمە دواتان.

کاتێک ئۆمەر لەنیوەی شەوێ، لەگەڵ چەنگە پڕەی درندەیەک وەئاگا هات، چاوەکانی کردەوەو هەستی راگرت، چی ببینێت؟! گورگێکی رەشی دەم ئەشکەوتی زل، ئەژرەنگ ئاسا لە ژووسەری دەمرێنێ و چەپۆک لە زەوی گیر دەکا..

ئۆمەر چیی پێ نەما، سێ چوار جار بەهێزی خۆی کۆخی..

هە هۆی.. هەهۆی هەراو هۆریای لەگورگەکە کرد.

گورگە کە تۆزێک سڵەمییەوەو راپەڕییە ئەو گۆڕەی، ئۆمەر چەند هەوڵی دا، تەکانی داخۆی، نەیتوانی بڕوات، سام گرتی، ترسێکی زۆر هەڕەشەی لێ کرد. ترس و نەخۆشی یەکجاری ئەژنۆیان شکاندو هێزیان لە هەناوان بڕی، پێیان پێ شل کرد، چەند شەقاوێک ویستی بڕوات، لەجێی خۆی هەر چەرخییەوەو راوەستا، گورگەکەش شەرمی لێ شکاو دیسان بۆلای ئۆمەر هاتەوە.

ئۆمەر دڵنیابوو گورگەکە مەرامی خراپەو.. ئەوساتە نا ئەوساتە پەلاماری دەداو دەبێتە پارووی بەلەزەتی گورگ، لەم دەشتە ساردو

سەهۆڵ بەندانەو لەبناری ئەو زورگەزراوە، زورگەزراو لەتەرمێک دەچوو کە لەناو دارەبازەی تاریکیدا راکشابوو، گورگە بۆریش هەردەهات و دەهاتە پێش.

ئۆمەر بیری هاتەوە هۆش خۆی. کورە خۆ من دەمانچەم پێیە.. گورگ هێرشی هێناو پەلاماری دا ئەویش گورج چاردەخۆری دەرهێناو تاق.. تاق گوللەیەکی لەسەرو گێلاکی گورگەکە دا.

گورگە بۆر لەگەڵ بەرکەوتنی گوللەکە، سەرانگرێ بوو، بێنج شەش تەقڵەی خواردەوەو یەکجاری شێت بوو، بەرچاوی تاریکتربوو. تاکە رووناکی بۆ گورگە بۆر خوێنی ئۆمەر بوو لەم دەشتە سامناکەدا.

تاکە رووناکیشی لەم دەشتە تاریکە، کە لە گۆڕستانێکی بێ دەنگ دەچوو، تەنها دووچاوی گورگە بۆربوون، کە لەدوو گڵۆپ دەچوون، دەریای تاریکی دەبڕی لەولاشەوە ئاگری لوولەی چواردەخۆری ئۆمەر، بیری بێدەنگی و تاریکی رووناک و ئاوەدان دەکردەوە، ئۆمەر لەبەرەخۆیدا دەیگوت:

– گورگە بۆر من خۆراکی تۆ نیم بەڵام بەقوربانی ئەم لەرزوتاو سێ– بەرۆیە بیت چونکە یەکجاری بەرچاوم تاریک بووە، ئەگەرنا دەبووایە لەگەڵ یەک گوللە لەخرتۆرێت وەردەم.

گورگە بۆریش لەدڵی خۆیدا دەیگوت:

– ئۆمەر تۆ ئەو رەقیبە نیت بەرەنگاری من ببییەوە بەڵام بەقوربانی لوولەی دەمانچەکەت بی.

گورگە بۆر دیسان هەستایەوە، لەسەر چوارپەلی راوەستا. ئۆمەرو گورگە بۆر هەردووکیان لەم شەوە، لەو دەشتە سام لێنیشتووە بووبوونە



غەنیمی یەکتری جارێ گورگ رامالّی دەکرد دەسەلاّتی ئۆمەر تێک بشکێنێ.

بەهەمان هێز ئۆمەر دەستی لەرزۆکی لە پەلاپیتکەی چاردەخۆری گیر دەکرد، هەولّی دەدا دەسەلاّتی گورگ تێک بشکێنێ، دەنگی تەقەی دەمانچەو لوورەی گورگی زامدار لەم دەشتە سەرما بردەڵەیە، نۆتەی تاریکیی لەناوژێی گەرووی شەودا دەهەژاند.

دوو هێزی لەبن نەهاتوو، بەرەنگاری یەک ببوون. ئەم ئاقارو بنارە لەم نیوە شەوەدا لەسنووری نێوان ئیمپراتۆریەتی سەردەمی عوسمانی و یەکێک لەولاّتانی دراوسێی دەچوون. هەر بەشەڕ ئۆمەرو گورگە بۆر تاسێ یەکی شەو کاریتەیان کردو جەنگان، هەرچەندە گورگە بۆر زامدار بوو، بەلاّم جێی کارێی نەگرتبوو زیاتر هێرشی دەهێنا.

ئۆمەریش ترس بەسەر نەخۆشیدا زاڵ بوو، تەکانی دەدا خۆی هەرجارەی سەرە جووتێک لەگورگەکە دووردەکەوتەوە، گورگ برینی گەرم بوو زیاتر پەلاماری دەدا.

تا درەنگی شەو لەم دەشتە، ئۆمەرو گورگ مەیدانیان لەیەک دەخواست کە هێشتا بەیانی نەدابوو، دنیا تەواو تاریک بوو، ئۆمەر دڵی خۆشتربوو، چونکە تا دەهات لەگوندەکەیان نزیک دەبوونەوە، دووسێ شەقاو مابوو گورگ رامالّی ئۆمەری کرد.

ئۆمەر ناوی خوای هێنا، ئەو تاکە فیشەکەی پێی مابوو تەقاندی و لەگەڵ دوا تەقە گورگ کەوت، رووناکی چاوەکانیشی بەرە بەرە لەناو دەریای تاریکیدا نقووم بوو و تووایەوە.

ئۆمەریش شەلاّلی ناو ئارەقەی ترس و تا ببوو، زمانی شکاو

لەپەل و پۆ کەوت، خەڵکی گوندیش لەگەڵ دوا تەقە وەئاگاهاتن، هەروا قیژووهۆڕ کەوتە گوندی.

لەناکاو مام ئۆمەر بانگی کرد: کچێ مەنیج... مەنیج بزانە ئەم چێشتە نەکوڵاوە نانێکم بۆ بێنە، ئەوا شەو داهات.

مەنیج راچڵەکی.. ئێی هێی پەروەردگاری مەزن.. مەنیج زۆری لەبارەی مام ئۆمەر دەزانی و کەمی دەردەخست.

*** لە گۆڤاری نووسەری نوێ – ژ «٥»دا بڵاوکراوەتەوە.**

# ژیانی غەریبی

سەر لە ئێوارەیەک، نالەو نرکەی باهۆزو زریان بوو، منیش قۆپچەی باڵتۆیەکەم تابن گەردەن داخست، لێچەگەکەم توند توند لەسەرو پۆتەڵاکم شەتەک دا، بەناو لێرەوانی رۆخ رۆخانەکە پیاسەم دەکرد.. وەک مرۆڤێکی بێ سەر دەخولامەوە. دڵم هەزار غایلەی دەکرد. چونکە ئاووهەوای غەریبی سەر بەگۆبەند، هۆشی لەناو کەللەی سەرم تێک دەشکاند، لەناکاو پەرەسێلکەیەکم کەوتە بەرچاو، زۆر دڵم بێی خۆش بوو.. پەرەسێلکە بەگۆشە نیگایەک سەیری دەکردم، گوتم دەبێ ئەم پەرەسێلکەیە بەدەردی دڵی من بزانێ؟ بزانێ من غەریبەم و وێڵم بەدوای سۆراغی خەڵکی وڵاتی خۆم! دەبێ ئەم پەرەسێلکەیە لەم رۆژانە کۆچ نەکات؟ روو لەوڵاتی من بکات. نا کا بەزەیی بەحاڵی بەدحاڵی من بێتەوە، خۆزگە بەس ئەمجارە بەختم یاربێ هەر ئێستا ببم بەپەرە موچۆکەیەک بەبن باڵی خۆیم قایم بکات، لەگەڵ خۆی بمبات بمبات چەند سنووران ببڕێت.. ئینجا بەخێرا خۆی پەلم بگرێ و تەسلیمی چارەنووسی گەل و خاکە خێر نەدیوەکەم بکات. دەک پەرەسێلکە ئۆغرت خێربێت، یاخودا منیش لە ئاهی پیرە دایک و باوک و دەنگی خاک و وڵاتم هەر شادی سوارو خۆم پیادەو وێڵ بم.

*** لە ژمارە (٢-٣)ی ئەفراندن ساڵی ١٩٩٩ بڵاوکراوەتەوە.**

# لێره هەستم بریندار ناکەن

له دنیـــای زیندووان هەرگـیــز ئازاری ئادەمــیــیــانم نەدا، نەهیچ خراپەیەکیشم بەرامبەر رۆژگار کردبوو، بەڵام ئەوان زۆر بێ ئینسافانه، دڵ رەقانه ئازاریان دام بێ بەشیان کردم لەخۆشی لەسۆزی ژیان، نەیان هێشت چێژی دنیای زیندوان بکەم..

دڵی بەخۆی دەسووتا، دەیدیت مردووەکانی دەرو دراوسێ بەبەرگی سپـیی مـردن زۆر پاک و تەمـیـز، شـادو بێ خـەم بـوون، بەڵام ئەو کـه سەیری پەڵەکانی لێچەگ و سنگ و بەرۆکی له خوێن وەردراوی دەکرد زۆر دڵی تونـد دەبوو. هەرچەندە لەوسـەرو ئـەم سـەری پـیـرەگـۆڕسـتـان، گـەلێک لاوو پیــرو منداڵی کـفن رەنگ هەبوون.. بەتایبــەتی لاو؛ یەکجار زۆر بوون..

ئاخ.. لەکول و کەسەری دڵی زیواڵ زیواڵی دایک و باوکی رێز لێ نەگـیـراو، جـەرگ بڕاوو بەفریا نەگەیشـتـووم!! بەجێـماو لەدنیـای بێ سەرو شوێن، ئەوەی لێره دڵم پێی خۆشه ئەوەیه دەرو دراوسێیەکانم زۆر باشن، کـه شـەوانه دێنه لام، هەسـتم بریندار ناکـەن. لێم نـاپرسن بۆچی بەرگی تۆ، وەکو بەرگی ئێمه سادەنییه.

هەزار جار نەفرەت و شەرمەزاری بۆ ئەو گومڕایانەی کەوا بەناهەق کردمیـانه سـەری سۆدران.. کفنم لەم دونیـایه، ناویان لەو دنیـا پیس کردم..

*** له ئەفراندنی ژماره «٢-٣»دا بلاوکراوەتەوە.**

## پێناس

- ماریا ئەحمەد ئیسماعیل.
- لەدایک بووی گوندی (سەرگەڕان)ی سەر بە دەشتی قەراج و کەندێناوەیە.
- خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی و هەروەها پەیمانگای تەکنیکی (بەشی ژمێریاری) لە هەولێر تەواو کردووە.
- لە ساڵی (١٩٩٦)ەوە بەرهەمی شیعری و چیرۆک و وتاری جۆراجۆری لە گۆڤارو رۆژنامەکان بڵاوکردۆتەوە.
- ئەم بەرهەمانەی ئامادەی چاپن:

* دیوانێکی شیعری بەناوی (فرمێسک و تەمەن و خەون).
* کۆمەڵێک وتاری ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و سیاسی.
* نۆڤلێتێک.

- ئێستا:

* ئەندامی کارای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانی عێراقە.
* ئەندامی کۆمەڵەی خزمەتگوزاری رۆشنبیری کوردییە.
* ئەندام بەشی راگەیاندنە لە مەکتەبی سکرتاریەتی (یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان).
* ئەندامی کۆمەڵەی تایکواندۆی ئافرەتانی کوردستانە.
* نووسەرە لە گۆڤاری کاروان.